

رۆمان

# فەخروزەمان

سەرگوزشتەی ئەو کچەی ژیانی خۆی
بە خشی لە پێناو کۆمەڵگاکەی..!

کتێبخانەی (PDF)

نووسەر
شیلان ئازاد

2021

# فەخروزەمان

نووسینی : شیلان ئازاد

٢٠٢١

بەیانییەکی بەهار کە هێشتا بە تەواوی دونیا ڕوناک نە بوو بوو هەوا هێدی هێدی گەرم ئەبوو باڵندەکان لە سەر درەختی حەوشەکەی ئەیانخوێند و سەمایان ئەکرد وەکوو ئەوەی ئەوانیش درکیان بە پەنهانی هەموو شتێکی ئەو ماڵە کردبێت. بۆنی گوڵەکان هەموو ڕێبوارێکی مەست ئەکرد کە بە بەردەمی ماڵەکەی ئەودا گوزەریان ئەکرد حەوزێکی جوانی شینی پڕ لە ماسی لە حەوشەکەیدا ئەبینرا ئینجانەی پڕ لە گوڵی ڕەنگاو ڕەنگ دەوری حەوزەکەی دابوو هەموو کەسێکی ئاسایی ئاوێتەی خەیاڵێکی قوڵ ئەکرد و ئەیبردە جیهانێکی وەها ڕەهاوە کە ئەکرا لەو جیهانە هەموو شتێک بخوڵقێت و هەموو ئاریشەیەک لەو جیهانە بە تەواوی پێشبینی کراو بوو ، ئەو کە تەواوی شەو خەو نەچوو بوە چاوەکانی وەکو لاشەیەکی بێ گیان لە سەر تەختەکەی ڕاکشابوو بیری لەوە ئەکردەوە کە چۆن ئامادە کاری بکات بۆ کارەکانی و چۆن خۆی ئامادە بکات بۆ هەر شتێک کە بڕیارە ڕووبدات و ڕوو بە ڕووی بێتەوە غەم لە چاوەکانی بە ئاسانی بەدی ئەکرا ژێر چاوەکانی ڕەش هەڵگەڕا بوو ، بە بیریدا نە دەهات کە چەن کاتژمێرە لە بنمیچی ژورەکەی ئەڕوانێت و خەریکە بگات بەوەی کە بیری بکەوێتەوە کە کێیە و چی دەکات لەم وڵات و لەم شارە ؟

لە پڕ زەنگی مۆبایلەکەی لێیدا کە هەموو بە یانییەک وەکو دەنگێکی جاڕس کەر بە ئاگای هێنایەوەو لەسەر تەختەکەی هەستایە سەر پێ و پەردەی ژورەکەی لابردو و گزنگی خۆر ئەیدا لە شووشەی ماسییەکانی و هەموو ژوورەکەی ڕوناک ئەکردەوە ئەو کە هەمیشە و هەموو بەیانییەک پەنجەرەی ژورەکەی ئەکردەوە تا هەوای ژورەکە ئاڵوگۆڕ بکات و تا کەمەری لە پەنجەرەکەوە ئەکردە دەرەوە و بە قوڵی هەوای باخچەکەی هەڵەمژی و تێکەڵ بە سییەکانی ئەکردو بە رەو حەوا بەرەڵای ئەکرد و کەمێک لە سەر کورسییەکەی دا ئەنیشت و لە ماسییە کانی ئەڕوانی و دەستی خستبووە ژێر چەناگەیەوە و نەیهێشت زۆر ئاوێزانی خەیاڵ بێت هەستاو لە باخچەکەی کۆمەڵێک گوڵی ڕەنگاو ڕەنگی لە قۆرییە چاکەی کردو هەندێک ئاوی تێ کردو خستیە سەر سەماوەرەکەی ئاگرێکی کز کز بەشی ئەوە بکات کە چێژ بەرێت لە بە یانییەکەی و بتوانێت وەکو هەموو بە یانییەک هەمان خوو ئەنجام بدات جا پەردەی چێشت خانەکەشی لابرد وەکو دەسپێک بۆ بەیانییەکی نوێ و بڕێک هاڵاوی خستە سەر پەنجەرەی چێشتخانەکەو بە قامکە باریکەکەی وەکو هەمیشە ناوی ئازیزەکانی لێ دەنووسی وەکو وەفایەک کە بۆ هەمیشە لە یادگەیدا ماون لەوەدوا چوە گەرماوە بچوکەکەی و قژە کەزییەکەی کردەوەو بەبەردەوامی ئاوی ئەکرد بە سەر خۆییدا و زۆر وەڕس ئە هاتە بەر چاو تا لە کۆتاییدا بە خاولییەکی کۆن قژی وشک کردەوەو جلی کارکردنی لەبەر کردو چوە چێشت خانەکەو چایەکی گەرمی کردە پیاڵەکی شینی جوان وەکو هەمیشە کەحەزی لە

شەکری زۆر بوو لەچاکەی کردو  و لە سەر مێزەکە دای ناو لە گەڵ چەن پارچە پەنیرێک و کولێرەیەکی تایبەت بەو شارەی لێی دەژیا ، لە پاشان کەوتە خواردنی چەند پارووییەکی کەمی خوارد و دەستی لە خواردن هەڵگرت ، بێ ئەوەی سەر مێزەکە کۆ بکاتەوە  خاولییەکەی قژی لابردو قژی دا هێناو لە پاشان قژی خۆی ئەهۆندەوە قامکەکانی تافی قژی تێک دەدا قژی وەکو گوڵەکانی باخچەکەی بۆنێکی تایبەتی لێ دەهات ڕەنگی سوری  سیمای هێندەی تر جوانتر کردبوو بەڕوویدا نەدەبیرا کە چی لە مێشکیدا ئەگوزەرێ یاخود بیر لە چی  دەکاتەوە بەڕواڵەت زۆر ئاڵۆز دیار بوو بەڵام زۆر بەسەر خۆیدا نەدەهێنا ،  لە کۆتاییدا قژی بە قردێلەیەکی سور بەست و  سەرپۆشەکەی دا بەسەریدا و چاکەتەکەی لەبەر کرد ئینجا دەرگای حەوشەکەی داخست  و بەرەو کارەکەی بە ڕێ کەوت و بە کۆڵانە تەسکەکاندا ئەڕۆیشت  هەتاو لە ژێر لق و پۆپی درەختە بەرزەکانەوە لێی دەداو دەکەوتە سەر ڕوخساری چاوەکانی وەکو دوو تەڵای گران بەها ئەدرەشانەوە وەکو دوو تەلیسمی مەرگی ڕەش وابوون کە مەحاڵ بوو کەسێک لە جادووی ئەو چاوانە ڕزگاری ببێت سیمای هێندە جوان بوو ئەکرا سەرنجی هەموو کەسێک بەلای خۆیدا ڕابکێشێت بەڵام هیچ کەسێک سەرنجی ئەوی بەلای خۆیدا ڕا نەدەکێشا وەکو ئەوەی ڕزگاربووی پاش کارەساتێکی گەورە بوو بێت کە ئارەزووی هیچی نەدەکرد لە تەنهایی زیاتر هەمیشە کەسێکی ئارام و بێدەنگ بوو حەزی نەدەکرد زۆر پرسیاری لێ بکرێت یاخود زۆر سەرنجی چاوەکانی بدەن زۆر جار لە  بەرامبەرەکەی

وەڕس دەبوو و ناچار دەیگوت زۆر سەرنجم مەدە، سەرنجم مەشێوێنە هەرلەبەر ئەم هەڵسوکەوتانەشی بوو خەڵکی پێیان دەوت بوکی تەنهایی لەبەر ئەوەش پێیان دەوت بوک چونکە سەرو سیمای لە بوکێک ئەچوو کە بە بێ ویستی خۆی پەلکێش کرابێت بۆ سەر مێزی مارەبڕین ئەو لەو شارەدا تەنها ژنێکی پیر هاودەمی بوو بە ناوی فەرانەک خانمێکی دەوڵەمەنی خانەدان بوو کە بە ڕواڵەتیدا وا دەر دەکەوت کە پێی دەچێ خانمێکی بە شکۆی سەردەمی قاجارەکان بێت چونکە هەمیشە جلی کلتوری لەبەر دەکردو جار جاریش جلە کۆنەکانی سەردەمی گەنجی خۆی دەدا بە فەخرو زەمان تا لەبەریان بکات ئەویش ژنێکی تەنها بوو فەخروزەمان بۆ کارکردن دەچووەماڵیان ماڵەکەی بۆ پاک ئەکردەوەو چێشتی بۆ لێ دەنا جار جاریش لە تەنهایی خۆیدا فەخروزەمانی دادەنیشاندو وێنە کۆنەکانی دەردەهێناو چیرۆکی ناو وێنەکانی بۆ دەگێڕاوەیەوە جاری واش هەبوو فرمێسک بە چاوەکانی دا دەهاتە خوارەوەو وەکو منالێک کە لەدوری دایکیدا بگریت دەگریاو ئەلاڵایەوە ئەو تەنها کوڕێکی هەبوو بە ناوی جەمشید خان بۆ کارکردن دەچوە تاران ناچار بوو دایکی بە کچێکی گەنجی وەک فەخروزەمان بسپێرێت هەر لەبەر ئەمەش بوو ئەو پیرێژنە فەرانەک خانم زۆر خووی بە فەخروزەمانەوە گرتبوو زۆر جاران پێی دەوت کچەکەم فەخری ئەم ماڵە گەورەیەو بەشی هەردوکمان دەکات بۆچی لەلای مندا نامێنیتەوە هەم بۆ تۆش باشە کە چیتر ناچار نیت پارەیەکی زۆر بدەیت بە کرێی خانوو و چیتر کرێ نشین بیت و

هەم منیش لەم تەنهاییەی کە تێی کەوتووم قوتارم ئەبێت ئاخر من شەوان لە دەنگی سەگەکان ئەترسم کاتێک کارەبا ئەبڕێت ئەم ماڵە خامۆش ئەبێت و من لە تاریکیدا ناتوانم چاویلکەکەم بدۆزمەوە و تا سبەینان بێدار ئەبم ، فەخروزەمانیش بە مافی خۆی نەدەزانی لەو ماڵە بمێنێتەوە چونکە بە موڵکی خۆی نەدەزانی هەندێ کاتیش کە فەرانەک خانم نەخۆش بکەوتایە ئەم لەلای دەمایەوەو گرینگی پێ دەدا هەندێ کاتیش ناچار بوو پەیوەندی بکات بە کوڕەکەیەوە تا خەرجی دەرمانەکانی دایکی بنێرێت چونکە فەرانەک خانم پارەکانی لە بانق هەڵدەگرت بەو پێیەی ژنێکی تەنهایە نەوەک دز هەڵبکوتێتە سەری و پارەکانی ببات ، بەڵام متمانەیەکی زۆریان بە فەخروزەمان هەبوو ، ئەمیش کە زۆر حەزی نەدەکرت کاتەکانی لە ماڵەکەی ئەم خانمە پیرە بەسەر بەرێ و هەر کە خۆر ئاوا دەبوو بەرەو کەنار دەریا بەڕێ دەکەوت و تا دونیا تاریک دەبوو لەوێ دەمایەوە ئەو کە هیچ کەسێکی نەبوو لەو شارە بۆ تەنهایی خۆی زۆر جاران ئەگریا تا ماندوو دەبوو زۆر جاریش غروری ڕێگەی پێنەدەدا کە بگری چەند کاتژمێرێک لە تەنهاییدا دادەنیشت و بە بێدەنگی لە باڵندەکانی کەناراوەکەی دەڕوانی تا بە تەواوی دونیا تاریک دەبوو دەمایەوە و قژی دەکردەوەو سەرپۆشەکەی لا دەبرد و قامکەکانی ئەکردە ناو قژییەوە و یاری بە قژی دەکرد و قژی بۆنی ئەو گوڵاوەی دەدا کە لە گوڵەکانی باخەکەی دروستی کردبوو ئەو هەمیشە خەیاڵی دەکرد هەمیشە لە وەهمێکی قوڵدا بوو بیری لەو وڵاتە دەکردەوە کە جێی هێشتبوو، کاتێک کە

لە کەناراوەکە دادەنیشت لە بیری ئەکرد کە چەن کاتژمێرە هاتۆتە کەناراوەکەو چەن کاتژمێرە گەشتی بەناو خەیاڵدا کردووە ، خۆشی نەیدەزانی بۆچی لێرەدا دانیشتووەو بیر لەچی دەکاتەوە زۆر جاران هەر بەو خەیاڵەوە بەرەو ماڵ بەڕێ ئەکەوت لە ڕێگادا دەنگی سەگەکان ڕایان ئەچڵەکاند ، ئەو کە ئاوێتەی خەیاڵ بوو بوو لە دونیا بێ ئاگا بوو هەروەها لەو دۆستانەشی کە جێی هێشتبوون هەمیشە بیری لەو دۆستەی ئەکردەوە کە بۆ دوایین جار دڵی شکاندبوو و لە حەقی ئەودا ناحەقی کردبوو هەمیشە شتانێک ئەیان گەڕاندەوە خەیاڵی هاوڕێکەی کاتێک ئەم لە خەیاڵی ئەو دۆستەیدا بوو شنەبای فێنکی ئەو شارە قژی فەخروزەمانی لە نێو حەوادا خستبووە سەما ڕەشی قژی و ڕەشی چارەنووس و ڕەشی شەوتۆفانێکیان لە خە م ئەخولقاندبوو، بەڵام ئەو لەگەڵ ئەوەشدا هەمیشە بەڕووی خەڵکدا زەردەخەنەی دەکرد ئەو کاتەی کە پێویست بوو پێ بکەنێت پێ نەدەکەنی ئە و کاتەی پێویست بوو خەمبار دیار بێت پێ دەکەنی لەگەڵ هەموو ئەم بیرکردنەوانەدا گەیشتەوە لانە تەنهاکەیی و تاوێک لە لێواری حەوزەکە دانیشت و خۆراکی دەدا بە ماسییەکان و سەرنجی دەدان و بە گەورەبوونیان و گەشەکردنیان دڵخۆش دەبوو وەکو ئەوەی کەسێک لەبەرامبەریدا دانیشتبێت گفتوگۆی لەگەڵ دەکردن و باسی ڕۆژەکەی خۆی بۆ ماسییە کان ئەکرد تا خاڵی ئەبوە وە لەپاشان چوە چێشتخانەکەو پیاڵە چاکەی هێشتا لەسەر مێزەکە بوو هەڵی گرتەوەو چێشتخانەکەی خاوێن کردەوە ئەو هێلکانەی کە فەرانەک خانم پێی دابوو لە گەڵ دوو تەماتەی

هێشتا کاڵ سور کردەوەو پیازێک کە هی باخچەکەی خۆی بوو لە سەر مێزەکەی داینا و کەوتە خواردنی ئەو هە میشە کەمی دەخوارد بەڕادەیەک کە دوو یان سێ پارووی دەخوارد تا بەشی ئەوە بکات تا درەنگانی شەو لە سەر مێزەکەی بتوانێک کار بکات تا کتێبەکەی تەواو بکات کتێبێک پڕاو پڕ لە جوانی وێناکردنی ژیان بە زمانێکی هێندە قەشەنگ کە دڵی هەموو کەسی بە لای خۆیدا ڕا دەکێشا لەو شەوانەی کە ئەم خاتوونە وەکو ئاوارەیەک ڕووی لەو شارە کردبوو بێ بەش نەبوو لە غەزەلی جوان جوان کە ئەکرا بەهەر دێڕێک گەشتێکی چەن کاتژمێری تێدا بکەیت و چێژیش لە گەشتەکەت وەر بگریت هەر ئەمەش بوو فەخرو زەمانی بە زیندوویتی هێشتبووە و لە پێناو ئامانجەکەی تەنهایی و خزمەتکردنی ژنێکی پیری لە ئەستۆ گرتبوو ئەو پارەیەی کە لە فەرانەک خانمی وەر دەگرت بە ئەستەم بەشی ئەوەی ئەکرد کە پێداویستییە کانی وێنە کێشانی پێ دابین بکات ئەگەر کەسێک لە ژوورەکەی بڕوانیایە وای دەزانی ئەو تابلۆیانە هی کەسێکی وەکو ڤانکوغە وەها بە جوانی چیرۆکی لەسەر کاغەز دروست دەکردو کەسایەتیەکانی دا دەناو ئەدای کەسایەتییەکانی نیشان دەداین هەندێک لە تابلۆکانی وەکو سیمای خۆی غروریان لێ دەباری و هەندێکشیان قاقایان بە ڕۆحدا دەهێناو دەیانخستە سەر لێو، لە کاتی کارکردندا وەها بە قوڵی لە نێو کارەکەیدا ڕۆ دەچوو وەک بڵێیت ئامادەکاری بۆ جەنگێکی یەکلایی کەرەوە بکات هەموو هۆش و سەرنجی لەسەر کارەکەی بوو هەر بۆیەش کارەکانی هۆشیان دەبرد و مرۆڤیان

دەخستە نێو جیهانێکی تایبەتەوە لە کاتی سەیرکردنیان تە نها کە سەکە خۆی تێ ئەگەیشت جیهانێک کە باسکردنیان لێ نەدەوەشایەوە چونکە نەتدەتوانی حەقی خۆی پێ بدەیت جیهانی مرۆڤی دەخستە گریان لە تاو یادگارییەکانی ژیانی لە ناو هەموو تابلۆکانی تابلۆی پیاوێک بە دی ئەکرا کە ڕیشێکی زۆری هەبوو ئەویش وەکو فەخرو زەمان ڕوخسارێکی خەمهێنەری هەبوو چاوەکانی لە چاوی ئەوی دەکرد دوو برۆی ئەستووری هەبوو هەر کات هەرچ کەس پرسیاری ئەو تابلۆیەیەی لێ بکردایە بێدەنگ دەبوو و خەندەیەکی تاڵی دەکردو برۆکانی بەرز دەکردەوەو ڕووی وەردەگێرا وەک ئەوەی کە هەر هیچی نەبیستبێت ئەو دراوسێیانەی کە جار جار سەردانی ئەویان دەکرد بینیبوویان ئەو پارچە قوماشەی دەیدا بەسەر تابلۆکەدا لای دەبردو بە بێ دەنگی دەگریا و قسەی بۆ دەکرد وەک ئەوەی لە بەرامبەریدا دانیشتبێت و بیەوێت و شەرحی دەردی دووری بۆ بکات و لە حاڵی خۆی ئاگاداری بکاتەوە ، جار جاریش پڕست ئەبوو و موزیکێکی کلاسیکی لێ دەداو قردێلە سورەکەی قژی لێ دەکردەوەو سەمای دەکرد زۆر جار لە گەڵ پەردەی ژورەکەیدا وەکو شازادەیەک دەستی دەکردە کەمەری و سەمای لەگەڵ دەکرد تا خەو زۆری بۆ دەهێنا و خەوی لێ دەکەوت بە سیمایدا هێندە جەسور دەر دەکەوت ، وەک بڵێی هەرچی سەختییەکانی ژیانە ئەم خاتوونە تێی پەڕاندبێت و چیتر لە هیچ بەرپرسیارییەک ناترسێت و هیچ تاڵییە ک و نەهامەتییەکی ژیان نەیدەترساند ژیانی بەو پارە کەمەو خزمەتکردنی ژنێکی پیرو و خەمگین

ئەگوزەراند بەشی خۆشی چێژی لێ دەبینی چونکە  فەخروزەمان نیازێکی گەورەی پەنهان دراوی هەبوو لە گەڵ خۆیدا نیشانی هیچ کەسی نەدەدا هیچ شتێکیشی لە بارەی ڕابردوو و بنەماڵەو خێزانییەوە نەدەزانرا کەسی بێزار نەدەکردو ڕێگەشی  بە کەس نەدەدا کە بێزاری بکەن و خۆشی ئەو ڕۆژەی لێ تێک بدەن  هەرگیزیش بیرو باوەڕی ئایینی و بۆچوونەکانی خۆی دەرنەدەبڕی کاتێکیش پرسیاری لێ دەکرا دەیووت من بە م زەخیرەکردنەی بۆچوونەکانم دەتوانم زیاتر کار بکەم لە پێناو ئامانجەکەم و تا لێرەم ئەم شارە بە شاری خۆم دەزانم و بە مافی خۆمی نازانم ڕەخنە لە خەڵکەکەی بگرم و دژیان بوەستمەوە لە قسەکانیدا  هەستت دەکرد کە شۆڕشێکی گەورەی لە مێشکدایە بەڵام هێشتا پێی وایە کاتی نەهاتوەو پێویستە سوود لە کات وەرگرێت بۆ پەروەردەکردنی خۆی بەڵگەش بۆ ئەم شتانە خۆگرتنی فەخروزەمان بوو لەگەڵ تەنهایی و بەسەربردنی ڕۆژەکانی لە گەڵ ژنێکی پیردا کە تا دەهات ئەرکی قورستر دەبوو هێدی هێدی شتەکانی بیر دەچووەوەو هەندێ کاتیش داوای لە فەخرو زەمان دەکرد کە دەست لە خاوێنکردنەوە هەڵگرێت و لەلای دابنیشێت فەخروزەمانیش وەکو هەستکردن بە بەرپرسیارێتی ڕەتی دەکردەوەو پێی دەوت کە پێویستە ئەمڕۆ زووتر لە جاران بگەڕێتەوە بۆ ماڵەوە بەڵام خاتوونەکەی بە گلییەوە دەیوت وەرە چیت داوە لە شووشەی پەنجەرەی ئەم ماڵە تاوێک وەرە لەلام دانیشەو لە شووشەی دڵم بڕوانە کە لە چەند لاوە شکاوە ، فەخروزەمان هەوڵی دەدا ڕازی بکات کە لەدوای کارەکەی گرینگی پێ

دەدات و لەلای دادەنیشێت ئەویش تووڕە دەبوو و ئەیگووت من ئەڵێم خەواجەیە تۆ ئەڵێی چەند منداڵی هەیە ئەمەی ئەووت و بێ دەنگ ئەبوو فەخروزەمان بەزەیی پێدا دەهاتەوەو دەستی لە کارەکەی هەڵدەگرت و گوێی بۆ چیرۆکەکانی فەرانەک خانم ئەگرت زۆر جاران باسی مێردەکەی دەکرد و باسی ئەو کاتانەی دەکرد کە پێکەوە چوون بۆ سینەماو بۆ کتێبخانەکان و هەمووان ئیرەیی پێ بردوون زۆر جارانیش باسی سەردەمی دەسەڵاتدارانی کۆنی ئێرانی دەکرد و ئاهێکی دەکێشاو بێ دەنگ دەبوو شتێک یاخود نهێنییەک کە پەنهان کرابوو لە سینەیدا دەیوویست کەسێک ئەو خەمە گەورەیەی لەگەڵ بەش بکات ئەو توانایەشی لە فەخروزەمان بەدی ئەکرد هەر بۆیە دەیوویست هاوبەشی لەگەڵدا بکات ، فەخروزەمان هەستی بەوە کردبوو کە دۆخی ئەم ژنە نا ئاساییەو شتێک هەیە کە هەمیشە ئازاری دەدات و ئەگەر سەرەڕۆیی خۆی نەبوایە هەر زوو دەیزانی کە چییە بەڵام ئەو بەرگەی هەڵگرتنی چیرۆکێکی تری خەمباری نەبوو نەیدەتوانی بارێکی تری قورسی ژیان هەڵبگرێت ، هەندێک جاریش لەوە دەترسا کە لەدوای زانینی ئەو نهێنییەوە چیتر بێ نیازانە خزمەتی ئەم خامە پیرە نەکات ، هەموو ڕۆژێک دوای نیوەڕۆ فەرانەکی دەبردە باخچەکەو دەستی دەگرت و فەرانەکیش لاواز بوو بوو لە بەر لاوازی خۆی دەستی لەکەمەری فەخرو زەمان دەکردوو پیاسەیان دەکرد و لە پاشان دەیبردە سەر جۆلانێ تایبەتەکەیی و وەکو دوو خۆشەویست بە یەکەوە دادەنیشتن و گوێیان لە چۆلەکەکان ئەگرت و سێوی بۆ خاتوونەکەی پاک

ئەکردوو ئەیدایە دەستی ، تا ڕۆژ ئاوا ئەبوو ئینجا خواردنی بۆ دادەناو دەرمانەکانی پێ دەداو ئەیبردە ژوورە تایبەتەکەی خۆی و جێی دەهێشت ، جەمشید خانی کوڕی مانگانە سەردانی دایکی دەکرد و چەن ڕۆژێکی کەم لەلای دەمایەوە ئەو ڕۆژانەی کە جەمشید خان گرینگی بە دایکی دەدا فەخروزەمان هێندە نەدەمایەوە چونکە کەسێکی شک دەبرد کە چاودێری بکات و گرینگی پێ بدات بەڵام بەدەر لەوەش کە جەمشید خان کوڕی ڕاستەقینەی بوو هەمیشە خۆشی لە فەخروزەمان دەبردوو و حەزی دەکرد هەمیشە لەلای بێت جارێک کە فەرانەک و جەمشید خان لەناو باخچەکەدا دانیشتبوون فەخروزەمان میوەی بۆ بردن فەرانەک بە ئاماژەی سەر پێی ووت کە ئەویش لەلایان دانیشێت ئەویش داواکارییەکەی ڕەت نەکردەوەو دانیشت ، هەرکات ئەو خاتوونە پیرە بیوویستایە شتێک بڵێ فەخروزەمان لە نیازی تێ دەگەیشت ئەو جارەش تێ گەیشت کە خەریکە ئەیهەوێ پەلکێشی بکات بۆ ناو بازەتێکی نەخوازراو ئەوەی لە ڕووخساری جەمشید خان و سوور هەڵگەڕانی ڕوخساریدا بەدی کرد بەڵام بەسەر خۆیدا نەهێناو بە بێ دەنگی سەری خۆی نزمکردەوەو گوێی بۆ گرت فەرانەک خانمیش وەکو هەمیشە بە ئایەتێکی سوڕەتی النساء دەستی بە قسەکانی کرد ئەویش ئەم ئایەتە بوو (يَا أَيُّهَا النَّاسُ اتَّقُوا رَبَّكُمُ الَّذِي خَلَقَكُم مِّن نَّفْسٍ وَاحِدَةٍ وَخَلَقَ مِنْهَا زَوْجَهَا وَبَثَّ مِنْهُمَا رِجَالًا كَثِيرًا وَنِسَاءً ۚ وَاتَّقُوا اللَّهَ الَّذِي تَسَاءَلُونَ بِهِ وَالْأَرْحَامَ ۚ إِنَّ اللَّهَ كَانَ عَلَيْكُمْ رَقِيبًا) هەر کە ئەم ئایەتەی خوێندەوە فەخروزەمان یەکسەر لە مەبەستی تێ گەیشت و زانی

کە ئەیەوێ چی بڵێ بەڵام دوبارە بەسەر خۆیدا نەهێناو لە گوێ گرتن بەردەوام بوو فەرانەک خانم بە شێوازێکی گونجاو قسەی دەکرد بە شێوەیەک قسەی دەکرد کە زیرەکانەو و بوێرانە قسەی دەکرد هەرچەندە تەمەنێکی زۆریشی هەبوو بە لام ژنێکی بە ویقار بوو بەشێوازێکی زۆر جوان ئەوەی لە فەخروزەمان تێ گەیاند کە نیازێتی بیکاتە بووکی ماڵەکەی و بە یەجاری لەلای ئەوان بژی ئەم قسانە هێندەی تر فەخروزەمانی ترساند و شڵەژاو دیار بوو ویستی بەشێوازێک وڵامی بداتەوەو پێی بڵێت کە ئەو ئامادە نیە بۆ ئەو پرۆسەیە بە لام فەرانەک ئیزنی نەداو پێی وت کە کاتت هەیە ئەتوانی چەنرۆژێک بیری لێ بکەیتەوە لەپاشان ڕای خۆت بە من بڵێی وە چەن ڕۆژێک مۆڵەتت دەدەم دەتوانیت بۆ هەر شوێنێک کە پێت خۆشە بڕۆییت و ئەم چەن ڕۆژە جەمشیدی کوڕم ئاگادارم ئەبێت و هیچیش لە مووچەی مانگانەکەت ناپرم ، ئەویش سەرەڕای ئەوەی بە هیچ چەشنێک ڕازی نەبوو بەڵام قسەکەی ڕەت نەکردەوەو بێ دەنگ بوو ئەو ئێوارەیە بە بێدەنگی ئەوێی جێ هێشت لە پاش ئەو قسانەوە نە فەرانەک و نە فەخروزەمان تەنانەت جەمشید خانیش هیچ شتێکی نەوت ، فەخروزەمان تەنانەت هەر بیریشی لێ نەدەکردەوە چونکە نیازێکی گەورەتری هەبوو لە ژیان پێی وابوو هاوسەرگیری لە خەونەکانی دوری ئەخاتەوە و ناچارە خۆی لەبیر بکات لە پێناو دروستکردنی خێزان هاوسەرگیری بە شتێکی نا پێویست دەزانی لە ژیانی خۆیدا ، ئەو ئێوارەیەی بە بێ ئەنجامدانی هیچ کارێک بەڕێ کرد کەوتەوە

بیری دۆستەکەی لە تاران کە زۆر دەمێکە چاوی پێ نەکەوتووەو ئەو چەند ڕۆژەی بە دەرفەت زانی تا سەردانی دۆستەکەی بکات و لە دۆخی بپرسێتەوە لە گەڵ خۆییدا شوشەیەک گوڵاوی برد کە خۆی دروستی کردبوو هەوا هێندە خۆش بوو بوو فەخرو زەمان جامی ئۆتۆمبێلەکەی هێنایە خوارەوەو هەواکە سەرپۆشەکەی شل کردبووە و فەخروزەمانیش پێ دەکەنی و چێژی لە کاتەکەی وەر دەگرت هەموو ئەو کەسانەی کە یەکەم جاریان بوو چاویان پێ بکەوێ زۆر بە نامۆیی لێیان ئەڕوانی وەکو ئەوەی پەرییەک بێت یاخود نامۆیەک کە پێشتر نە بینرابێت دەهاتە پێش چاوو لە پاش چەن کاتژمێرێکی زۆرو ماندوو کەر گەیشتە شوێنی مەبەست و هاوڕێکەی نیل پێشوازی لێ کرد و بە ماڵەوەیانی ناساندو خۆشحاڵی خۆیان دەربڕی بە بینینی ئەو خاتوونە شۆخە و ڕێزێکی زۆریان لێ نا بۆ ئێوارە خواردنێکی تایبەتیان دروست کردبوو کە مێزەکەیان هێندە بە جوانی ڕێک خستبوو مرۆڤ نەیدەزانی چی بخوات و لە چییەوە دەست پێ بکات ، فەخروزەمان هەمیشە بە هێمنی خواردنەکەی دەخوارد و کەمتر قسەی دەکرد و زیاتر گوێی دەگرت زۆر کەم بە دەنگی بەرز پێ دەکەنی و زۆر بە کەمی بۆچوونی خۆی دەر دەبڕی دەربارەی ژیان و ویستی خۆی حەزی نەدەکرد پرسیاری تایبەتییەکانی لێ بکرێت ئەگەریش بکرایە بێ دەنگ ئەبوو هیچ وڵامێکی نە دەدایەوە لە دوای نانی ئێوارە نیل فەخروزەمانی برد بۆ باخچەکەو پێکەوە قسەیان دەکرد نیل دۆستێکی ئازیزی فەخروزەمان بوو لەکاتی هاتنی بۆ ئەو وڵاتە فەخروزەمانی لە دەربەدەری

و ئاوارەیی ڕزگار کردوو یارمەتی ئەوی دا بۆیە نیل دۆستێکی خۆشەویستی بوو و پێی وت نیل شتێک هەیە کە من لە گەڵ خۆمدا دڵنیام بەڵام حەزدەکەم ڕای تۆش بزانم چونکە بۆم گرینگیت ڕووی کردە نیل و چاوی لە چاوی بڕی و باسی ڕووداوەکەی دوێنێی ماڵی فەرانەک خاتوونی کرد نیل هەر کە گوێبیستی ئەم قسانە بوو دای لە قاقای پێکەنین و وتی ئاخر چۆن دەکرێ ئەو شتە بکرێت دیارە ئەوان تۆ ناناسن کە چ بنیادەمێکی کەلە ڕەقیت و بە گرانی بە شتەکان ڕازی ئەبی وەکو ئەوەی کە من تۆ بناسم و ئاشناییم هەبێت لە گەڵت دەزانم کە چۆنت وڵام داونەتەوە فەخروزەمانیش زەردەخەنەیەکی کردو وتی نەخێر هێشتا وڵامم نەداونەتەوە بەڵام بۆچوونی من لەو بارەیەوە زۆر ڕوونە تۆش دەزانیت نیل هیچ شتێک لە نێوان ئێمەدا شاراوە نیە نیل خۆی ڕێک خستەوەو وتی تۆ ناتوانیت پیاوێکی ئێرانی ناچار بکەیت بە دوای تۆدا ڕابکات تەنانەت ئەو خۆشی بیەوێت لە بەر دایکە پیرەکەی ناتوانێ شوێنت بکەوێت کۆتایی ئەم هاوسەرگیرییە وەکو ڕۆژی ڕووناک دیارە فەخری خاتوون ئەمەی وت و بێ دەنگ بوو فەخروزەمان سەیرێکی نیلی کردو وتی هەمیشە بە بۆچوونەکانت سەرسامم دەکەیت نیل ، کە ئەمەی وت و هەردووکیان بێ دەنگ بوون لە پڕ دایکی نیل فیروزە خان بە قاپێک میوە بە رەو ڕوویان هات و بێ دەنگییەکەیانی شکاند ، دایکی نیل ژنێکی خۆش ڕوو بوو هەمیشە خەندە لەسەر لێوی بوو هەموو کەس بە بینینی خەندە ئەکەوتە سەر لێوەکانی و دڵ خۆش ئەبوو خانمێکی بە ویقار بوو بە ڕوخساریدا دەر

دەکەوت کە ژنێکی تێگەیشتوو و دونیا دیدە بێت بە پێچەوانەی باوکی نیلەوە کە کەسێکی زیاتر هێمن بوو زیاتر حەزی لە کارکردن بوو خەڵکی شار پێیان ئەوت فەرهاد خان پزیشکیکی ناسراوی شاری تاران بوو خەڵک زۆریان خۆش دەویست ، ئەو لە دوای بە دەست هێنانی بڕوانامەی پزیشکی ددان هەوڵی دەدا دکتۆرا بخوێنێت بۆیە ئەو شەوە لە ژوورەکەی خۆی مایەوەو هیچ نەبینرا کەسایەتی فەرهاد خان تایبەت بوو نە نیل نە فیروزە ش بەو شێوەیە نەبوون زیاتر حەزیان لە گەشت ئەکرد بەڵام ڕێزیشیان لە فەرهاد خان ئەگرت چونکە دەیانزانی کە ئەو بۆ کارێکی دروست هەوڵ دەداو متمانەشیان پێی بوو کە لە کارەکەی سەر کەوتوو ئەبێت هەر بۆیە زۆر تێکەڵی کارەکەی نەدەبوون ئەو شەوە فیروزە خانم باسی سەردەمی گەنجی خۆیی و فەرهاد خانی بۆ نیل و فەخروزەمان کرد باسی ئەو کاتانەی دەکرد کە نیل لە دایک بوەو هیچ پێشوازییەک لە لایەن خێزانی فەرهادی مێردییەوە بۆ لە دایک بوونی نیل نەکراوە چونکە فەرهاد خان ئەو دەمە خوێندنی پزیشکی تەواو نەکردبوو بۆیە ئەو ماوەیە زۆر بە سەختی و بە ناخۆشی تێپەڕاندووە و ئەرکی گەورەکردنی نیلی لە ئەستۆ گرتووە و هەوڵی داوە فەر هاد خان لەو ڕووە وە بێ خەم بکات چیرۆکەکانی فیروزە بێ بەش نەبوو لە پێکەنین و قسەی خۆش تەنانەت باسی یەکەمین جاری قسەکردنی نیلی دەکرد کە چۆن هەمووانی دڵخۆش کردوەو بوو بوە دڵخۆشی خێزانەکەی و زەردەخەنەیەکی کردو بێ دەنگ بوو هەرسێکیان بێ دەنگ بوون فەخروزەمان باوێشکی دەدایەوە دایکی

نیل لەوە گەیشت و دەستوری دا بە خزمەتکارەکان کە ژووری نیل ئامادە بکەن بۆیان بەو پێیەی فەخروزەمان چەندین کاتژمیر لە ناو ئۆتۆمبێلدا بوەو ماندوو بووە ئینجا ڕووی کردە نیل و فەخروزەمان و پێی وتن بڕۆن بحەسێنەوە کات درەنگی کردووە زوو بخەون بۆ ئەوەی سبەی بتوانیت ئەم شارە بە فە خروزەمان ئاشنا بکەیت فەخرو زەمان هەرزوو پێی وت بە داخەوەم کە ناتوانم زیاتر لەلاتان بمێنمەوە ، ماسییەکانم جێ هێشتووە و پێویستە سبەی زوو بگەڕێمەوە باکور تا خواردنیان پێ بدەم ئەم قسەیەی فەخروزەمان فیروزەو نیلی نیگەران کرد چونکە حەزیان دەکرد زیاتر لە لایان بێت هەرچەندی ویستیان فەخروزەمان قایل بکەن سبەینێش بمێنێتەوە بەڵام بێ ئەنجام بوو نەمانەوەی فەخروزەمان لەوێ زیاتر پەیوەندی بە ماسییەکانەوە نەبوو بەڵکو نەیدەتوانی لەدوری ماڵەکەییدا بژی هیچ شەوێکی بە بێ کار کردن تێ نەدە پەڕاند ئەو شەوەی لێ نەدەڕۆیشت هەرچەندە زۆر ماندوو بوو بەڵام چەن کاتژمێرێکی کەمی بەرە بەیان خەوی لێ کەوت هەر زوو زەنگی کاتژمێرەکەی لێیدا و خەبەرییان بوەوە فەخروزە مان کچێکی زۆر وریا بوو وە خەویشی سووک بوو بە بچوکترین دەنگ خەبەری ئەبووە وە ئەو بە یانییە بە پەرۆشەوە خۆی ئامادە کرد بۆ ڕۆیشتنەوە لە پڕ دایکی نیل لە دەرگاکەی داو وتی نیل فەخروزەمان نانی بەیانی ئامادەیە بفەرموون بۆ نانی بەیانی خواردنی بەیانیان لە سەر مێزێک لە تەنیشت حەوزەکەوە دانا بوو ، سێوی دار سێوەکە کەوتبوە نێو حەوزەکەو دیمەنی حەوزەکەی قەشەنگ تر کردبوو

بایەکی فێنکی دەهات و خزمەتکارەکان خەریکی گسکدانی گەڵا وەریوەکان بوون باخەوانەکەش خەریکی گوڵەکان بوو بە هێمنی کاری دەکردو گۆرانی دەوت بە گۆرانییەکەی فەخروزەمانی بردەوە سەردەمی هەرزەکاری کە ئەو گۆرانییەی مەهەستی دەوت ( مثل تموم عالم حال منم خرابه ،خرابه ، خرابه ، مثل تموم بخت ها، بخت منم تو خوابه ، تو خوابه ، تو خوابه ، سنگ صبورم اینجا طاقت غم نداره، نداره، نداره، طاقت اینکه پیشش گریه کنم نداره ، نداره، نداره) ئەوە ئەو گۆرانییە بوو کە فەخروزەمان زۆری خۆش دەویست لە کاتێکیشدا کە ئەو کەوتبووە غەریبییەکی زۆرەوەو ئەم گۆرانییە ئەوی گەڕاندەوە سەردەمێک کە ژیان بۆ ئەو زۆر سەخت بووکەوتبووە بیری ڕۆژانێک کە لە باخچەی قوتابخانە دادەنیشت و بیری لە دونیاو مرۆڤەکان دەکردەوە بیری لە داهاتوو دەکردەوە و لەوە دەترسا ڕابردووی ببێتە سەنگێک لەبەردەم داهاتوویدا ، لەگەڵ ئەوەشدا ژیانی دەکرد و ئاسایی دەردەکەوت بەڵام لەناوەوەیدا هەمیشە جەنگ بوو نەیدەتوانی ئەو جەنگە بوەستێنێت جەنگێکی سەخت لە نێوان عەقڵ و دڵیدا جەنگێکی یەکلایی کەرەوە لە نێوان ڕابردوو داهاتوودا ، هەندێ جاریش درەختەکانی ئاو دەداو سەرنجی ڕێوڕەوی ئاوەکەی ئەدا تەنانەت جارێکیان بەلوعەی ئاوەکەشی شکاند کە دواتر بە ئەستەم توانی چاکی بکاتەوە ئەم یادگارییانە بۆ ئەو کەم نەبوون هەر بۆیە نەیدەتوانی دەست لە ڕابردووی هەڵگرێت و هەموو شتێک لە بیر بکات ،ئەو بەیانییە دەیوویست بگری بەڵام توانی بەسەر خۆیدا زاڵ بێت و کۆنترۆڵی خۆی بکات ، لەپڕ

باخەوانەکە سەلەیەکی بچوک شلیکی لە باخچەکە لێ کردبووە وەو لەسەر مێزەکە دای ناو فیروزە خانمیش دەست خۆشی لێ کردوو بە ئاماژە ی سەر وەکو هێمای ڕێز سەری بۆ دانەواند ، باخەوانە پیرەکە لە کەسێک دەچوو کە ژیان زۆری لەگەڵدا کردووە و تاڵ و شیرین گوزەراندوویەتی لە ڕووالەتیدا دیار بوو کە مرۆڤێکی غەمگینە ، لە وە دەچوو کە ئازاری زۆری چەشتبێت کاتێک سەیری چاوەکانیت دەکرد دەتوانی زۆر بە ڕوونی ئەوە لە چاوەکانیدا بخوێنیتەوە هێڵی چاوەکانی ئەدوان و پێیان ئەوتی کە تا کەڵکەڵەی ئاسمان هاتووە و غەم باڵەکانی شکاندووە و چیدی بیری لە فڕین نەکردۆتەوە جارێکی تر ، ئاخر مرۆڤ بوونەوەرێکی ئێگجار ئاڵۆزو سەیرە هەندێک جار وا پێویست دەکات بارگەی دڵت کۆبکەیتەوەو لە پریاسکەیەکی بنێییت پاشان وەکو هیندییەکان گڕی تێ بەربدەیت و بیسووتێنیت و چیتر ئاوڕی لێ نەدەیتەوە بەڵام لە کۆتاییدا ئەکەویتە ژێر ڕکێفی دڵتەوەو پێ بەسەر غرورت ئەنێت و گۆزەی پڕ لە غرورت ئەشکێنێت و لە کۆتاییشدا سەری خۆشی دەخوات و گڕ لە خۆی بەردەدا ، هەر ئەم گڕەش بوو ئۆقرەی لە فەخروزەمان بڕی بوو و چیتر نەیدەتوانی لەو شوێنە بمێنێتەوە کە تێییدا غروری شکێنراو گڕ لە دڵی بەربوو ، ئەو بەیانییە فەخروزەمان چەند پارچە پەنیرێک و چەند دانە زەیتوونێکی خواردو دەستی لە خواردن هەڵگرت و کۆتایی بە سەردانییەکەی هێنا و ماڵئاوایی لە نیل و دایکی کردو سپاسی کردن و خۆشەویستی خۆی بۆ دەربڕین و ئەوێی بە جێ هێشت و چووە بازاڕی تاران وویستی کەمێک لە

نێو بازاڕەکەیدا پیاسە بکات به دیمەنی جوانی ئەو بازاڕە سەرسام بوو ئەوەی زۆر سەرنجی ئەوی ڕادەکێشا ئەفغانییەکان بوو کە بە جل و بەرگی کلتوری وڵاتەکەی خۆیان لەو بازاڕە کاریان دەکرد ئەوانیش بەشی خۆیان ئازارو مەینەتییان چەشتبوو، زۆرێک لەوانەی لە بازاڕەکەدا کاریان دەکرد ، بارووودۆخی وڵاتەکەیان برستی لێ بڕیبوون هەر لەبەر ئەوەش بوو کە نیشتیمانی دایکیان جێ دەهێشت و لە وڵاتێکی وەکو ئێران دەژیان چونکە جەنگ سەراپا وڵاتەکەیانی گرتبووە وە ، مردن شتێکی چاوەڕوان کراو بوو لە هەرکاتێکدا ئەمەش گوزەرانی ئەوانی شێواندبوو ، چەند گروپێکی تیرۆرستی لەوێ هەبوون کە هەر یەکەیان هەڵگری بیرێکی جیاو تایبەت بە خۆی بوو وڵاتێکی وەکو ئەفغان گونجاو نەبوو بۆ ژیان ئەوانەشی کە لەوێ دەمانەوە هیچ ڕێگە چارەیەکیان نەبوو یاخود نەیان دەتوانی ئەوێ بە جێ بهێڵن کاتێکیش سەفەریان دەکرد بۆ تورکیا زۆر بە خراپی مامەڵەیان لە گەڵ دەکردن کاتێک کە پارەی تەواویان نەبوو خانوو بگرن یاخود لە میوانخانەکاندا بمێننەوە ، لەبەردەم دوکانەکان دەخەوتن ئەمەش خاوەن دوکانەکانی تووڕە دەکردو و ئاویان بەسەریاندا دەکرد و وەکو ئاژەڵ مامەڵەیان لەگەڵ دەکرا کاتێکیش کە ڕوویان لە ئێران دەکرد پێیان دەوترا ئێوە ئەفغانین و متمانەیان پێ نەدەکرا و ڕقیان بەرامبەریان هەڵدەگرت ، هەر لەبەر ئەوەش بوو خەڵکی ئەو وڵاتە مردنیان پێ خۆشتر بوو لە وڵاتەکەی خۆیان لە ژیان لەوڵاتێکی غەریبدا کە هیچ حسێبێک بۆ بوونت نەکرێت ، ئاخر مرۆڤ کاتێک لەوڵاتی خۆیدایە بەرگەی هەموو شتێک

دەگرێت و دەتوانێت هەموو بارگرانییەک و هەموو سەختییەک قبوڵ بکات بەڵام دووری لە نیشتیمان مرۆڤ لەناو دەبات ، وەکو کێشانی جگەرەیە کە سەری خاوەنەکەی دەخوات بەڵام هێدی هێدی ، ئەم ئازارەش لەوان بەدی دەکرا بەڵام لەگەڵ هەڵگرتنی باری سەختی ژیان ڕاهاتبوون و عادەتیان پێوە گرتبوو ، ژنانی ئەو وڵاتە بە ئاسانی دەناسرانەوە ، بە ڕەنگی چاویان کە مرۆڤ ، بۆی جیا نەدەکرایەوە لە ڕواڵەتدا سەوز خۆی نیشان دەدا بەڵام کاتێک هەتاو لێی دەدان ڕەنگێکی تربوو ، سەرنجی مرۆڤی بەلای خۆیدا ڕادەکێشا لەگەڵ ئەوەشدا خانمە پیرەکانیان لە چەناگەیان یاخود لە نێوانی برۆکانیان خاڵیان کوتا بوو سیمایان هێندەی تر جوانتر دەر دەکەوت ، زۆر بە ئاسانی لە گەڵ ژنانی ئێرانی جیا دەکرانەوە ، ئەمان بەو ڕووخسارە غەمگینەیانەوە و ژنانی ئێران هەمیشە وەکو گوڵ گەش بوون لە شێوەو ڕوخسارو باڵادا لەیەک دەچوون خانمەکانی ئێران بە گشتی باڵایان بەرزو ڕووخسارێکی جوانیان هەبوو بەڵام باروودۆخی ئابووری سەختی ئێران ناچاری کردبوون کە ئەوانیش کار بکەن بۆ بژێوی ژیانی خێزانەکانیان ، هەم لە ماڵەوەو هەم لە دەرەوەش کاریان دەکرد ، کەلە ڕەقی حوحومەتی ئێران ژیانی خەڵکی شێواندبوو ، هەرچ کەسێکیش ناڕەزایەتی دەر بڕیبا بە توندترین شێوە سزا ئەدرا ، ئەو چەند کاتژمێرەی کە لە نێو بازاڕەکەدا پیاسەی دەکرد ماندوو بوون و برسێتی بە ڕوخسارییەوە دیار بوو بۆیە لە یەکێک لە دوکانی خواردەمەنییەکان نانی نیوەڕۆی خواردو کەمێک حەسایەوە ئینجا بەرەو شوێنی وەستانی پاسەکانی باکور بە ڕێ کەوت و

هەر زوو بەرەو باكور بەڕێ كەوت ، لە نێو پاسەكە ژنێک و منداڵێک لە تەنیشتییەوە دانیشتن و ئاشنای یەكتر بوون كە ئەو ژنەش خەڵكی هەمان شار بوو كە گوزەرانی خۆی بە چاندن و دورینەوەی برنج بەسەر دەبرد ، هەرچەندە دەیوت كە بە سەختی بەشی ژیانی دەكات و ناتوانێت هەموو پێداوییستیەكانی پێ دابین بكات لەبەر ئەوە ناچارە لەماڵانیش كار بكات تا بتوانێت بژێوی خۆیی و خێزانەكەی دابین بكات باسی لەوە دەكرد كە گەشتیارانی عێراقی سەردانی شەرەكەیان ئەكەن و ئارەزوویەكی زۆریان هەیە بۆ برنجەكەی و لێی ئەكڕن وتیشی كە ئەگەر خەڵكی بیانی نەبێت ئابووری وڵات هێندەی تر دادەڕمێت ، چونكە پارەی ئەوان بەهای كەمەو، پارەی خواردن و شمەک و كاڵاكانیان بەشی كڕینی پێداویستییەكانیان ناكات چونكە ناچارن كاڵاكانیان بە هەرزانتر بفرۆشن و بە گرانترشتو مەک بكڕنەوە چەند كاتژمێرێک بەردەوام بوون لە قسەكردن لە كۆتاییدا گەیشتنە شوێنی مەبەست و ماڵئاواییان لە یەک كرد و فەخروزەمان بەرەو لانەكەی بەڕێ كەوت خۆر لە ئاوابووندا بوو دیمەنی شارەكەی جواتر كردبوو مرۆڤی دەكردە دۆخێكی تایبەتییەوە ، منداڵەكان یارییان دەكرد و گۆرانیان دەوت ژنەكانیش خەریكی چنینی فەرش بوون نەخشێكی وەها جوانیان لەسەر فەرشەكان دروست دەكرد دەتگوت ، شاعیرن و خەریكی نووسینی شاكارێكی گەورەن هەرفەرشێک چیرۆكێكی لەسەر نەخشێنرابوو كە مرۆڤی ئەبردەوە نێو ئەو چیرۆكەو ئاشنای دەكرد بە مێژووی ئەو وڵاتە زیاتر وێنەی ئافرەتە كۆنەكانی ئێرانی لەسەر

دەنەخشێنرا ، یاخود وێنەی گوڵ و دیمەنی سروشتی لەسەر دەنەخشێنرا ، دروست ڕەنگە ئەم جوانییەی سەلیقەی ئافرەتانی باکور لە نەخشاندندا بە هۆی جوانی سروشتەکەیان بێت ، ڕەنگیشە هەر لە کۆنەوە بەهرەیان لەو بوارەدا هەبووبێت و بە شێوەیەکی بۆ ماوەیی بۆیان مابێتەوە نەوە لە دوای نەوە ، ئەفسوس ئەو پارەیەی لە ئەنجامی چنینی فەرشێکدا دەستیان دەکەوت قابلیەت بەو ماندوو بوونەیان نەبوو چونکە چنینی فەرش کارێکی ئێگجار گرانە و ماندووبوونی زۆری دەوێت ئەوانیش ناچار بوون کاتێکی زۆر بە دانیشتنەوە بەسەر بەرن تا لەبەرامبەردا پارەیەکی کەمیان دەست بکەوێت و ئەیان فرۆشتەوە بە بازرگانەکان و ئەوانیش ڕەوانەی دەرەوەی وڵاتیان دەکرد و پارەیەکی زۆر زۆریان لێ قازانج ئەکرد لەو وڵاتە مرۆڤەکان کەمتریان وەردەگرت لە بەرامبەر ماندووبوونێکی زۆر ، پارە زۆر شتی لە مرۆڤ وەرگرتۆتەوە لەوانەش خۆشەویستی و بەهای مرۆڤبوون و بەختەوەری ، لە بەرامبەردا ژیانێکی بێ بەهای بەخشیوە بە مرۆڤەکان هەمووان خەریکن بە دوای شتێکدا ڕادەکەن ، بەڵام نازانن چییان دەوێت لە ژیان ، زۆربەی مرۆڤەکان بۆ ئەوەی کارێکی جیاواز بکەن لە بازنەی بە ها ئەخلاقی و مرۆڤییەکان ئەچنە دەرەوە ، ئەمە بەڕوونی دەبینرێت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بەهای بەرزی کلتورو ئاینی خۆیان لەدەست داوەو مێژووی خۆیان لەبەر چاوکەوتووە و ڕوویان لە ڕۆژئاواییەکان کردووە و بۆچوونەکانی ئەوانیان لا پەسندترە ، بە گشتی ڕۆژهەڵاتییەکان کەسانی هێمن نین بە پێچەوانەی ڕۆژئاواییەکان کە زۆر

هێمنانە مامەڵە لە گەڵ ڕووداوەکاندا ئەکەن ئەمەش بەهۆی گرینگی دانی ئەو وڵاتانەیە بە کەرتی پەروەردە ، ئەوەی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست زیاتر بەدی ئەکرێت بەهێزکردنی لایەنی سەربازی ئەو وڵاتەیە گرینگیدان بە جەنگ و کڕینی چەک لە ڕۆژئاواییەکان ، زیرەکی ڕۆژئاواییەکان لەوەدایە کە چەک دروست دەکەن وخۆیان بەکاری ناهێنن بەڵکو بە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەیفرۆشنەوە ، لەبری ئەوە بە شێوەیەکی زۆر باش بایەخ بە پەروەردەکردنی نەوەی داهاتوویان ئەدەن ، ئەم گرینگی پێدانەش ئەو پەڕی نیشتیمان پەروەری و نیشاندانی دڵسۆزییە بۆ داهاتووی ئەو وڵاتە ، هێدی هێدی فەخروزەمان بەدەم بیرکردنەوە گەیشتەوە ماڵەوە ، هیچ شتێک نەگۆڕابوو ماسییەکان وەکو جاران بەجوانی سەمایان دەکرد و دڵی مرۆڤیان بەلای خۆیاندا ڕا دەکێشا لەو کاتەدا فەخروزەمان خواردنی پێ دەدان دیمەنێکی هێندە سەرنج ڕاکێش بوو هەموان شەڕیان دەکرد لەسەر خواردن لە ڕواڵەتدا هەر لە مرۆڤ دەچوون بەڵام ئەوەی ئەوانی لە مرۆڤ جیا دەکردەوە ئەوە بوو کە ئەوان هەر کە تێر دەبوون سەنگەریان چۆڵ دەکرد تا ئەوانی تیریش تێر ببن بەڵام مرۆڤەکان هەرگیز ئامادە نەبوون سەنگەر بۆ یەکدی چۆڵ بکەن چونکە لە بنەڕەتدا هەرگیز تێریان نەدەخوارد ئەمەش زۆر شت فێری مرۆڤ دەکەن بەڵام مرۆڤەکان نایانەوێت فێر ببن و دەست بەرداری بتەکانیان ببن سێ جۆر مرۆڤ هەن، یەکێکیان ئەیەوێت تێ بگات و ئارەزوو دەکات کە تێ بگات بەڵام هەوڵ نادات جۆری دووەمیان بەهیچ جۆرێک حەز ناکات تێ بگات بەڵام ڕەنگە

بژێوی یاخود بڕوانامە ناچاری ئەکات کە هەوڵبدات تێ بگات  جۆری سێیەمیان کە لە هەموویان ترسناکترە ئەو مرۆڤانەن کە نایانەوێت تێ بگەن ، هەرچەندی لەگەڵیان بڵێییت بێ فایدەیە چوونکە ئەوان دەستبەرداری بتەکانیان نابن چونکە هەر کە پەتی  ناوکیان قرتێندراوە بتی بیرکردنەوەی نەگۆڕیان بۆ دروستکراوەو کە بە دڵ و گیان پارێزگاری لە بتەکانیان ئەکەن و ئەشی پەرستن و گوێ لە هیچ کەسێک ناگرن دەربارەی بتەکەی ئەوان بەخراپە بدوێت ئەگەر بۆیان بڕەخسێت ئەو کەسە ئەکوژن کە توانج لە بتی بیرو ڕاکانیان بدات خۆ ئەگەر هەر هیچ دەسەڵاتێکیشیان نەبێت ئەو شوێنە بە جێ دەهێڵن کە توانج لە بتەکانی ئەوان دەدرێت ، چەندین سەدەیە مرۆڤ لە گەوجاندنی ئەوانی دوای خۆی بەردەوامە بیروڕاکان بوون بەئاین و کلتورێکیان لێ ساز کردووە ، هەر لە کلتورەکەیان ئاینێکیان ساز کردووە ، زۆر قورسە مرۆڤێک بدۆزیتەوە بە بێ کاریگەری ناوچەو خێزان و کۆمەڵگە بیر بکاتەوە هەمیشە وا سازێنراوە کە ببێت بە کۆپی ئەوانی تر گتر نەبێت بە کۆپی ئەوانی تر ئەوا ئەبێتە جێی مەترسی بۆ چواردەورەکەی وە ئەو کۆمەڵگەیەی کە لێی دەژی ئەگەر بتەوێت ڕاستگۆیانە بژیت ئەوا پێویستە بێییتە دەنگ و لە بتەکانی کۆمەڵگە بدەیت بەمەش تووشی ئازارو زیان دێییت ، ئەگەریش بتەوێت زیاتر بژییت ئەوا ئەبێ لێبگەڕێییت لە نێو گەوجێتی خۆیاندا بخنکێن لێگەڕێییت گەوجێتی خۆیان لە ناویان بەرێ بەڵام مرۆڤێک کە ڕاستی بناسێت ناتوانێت چاو پۆشی لە حەق بکات هەر ئەمەشە کە هیچ

جێگەیەکی ئارام نەماوە لەسەر زەوی بۆ ئەو جۆرە مرۆڤانە ، ئەکرێ لە هەر کاتێکدا بێت دۆزەخێک لە نێو ژیانت بخوڵقێت و تۆش دۆزەخی بیت ، لەدوای پێدانی خواردنی تایبەت بە ماسییەکان فەخروزەمان چووە ژوورەکەی و قوماشی سەر تابلۆی پیاوە ڕیشنەکەی لابردوو لەسەر کورسیەک دانیشت دەستیشی خستە ژێر چەناگەیەوە و لێی دەڕوانی هێندە لێی ورد دەبووەوە وەک بڵێی کەسێکی زۆر خۆشەویستی لەماڵەوە بە جێ هێشتبێت و تاسەی دووری کردبێت هەردووکیان چاویان لە چاوی یەکتر بڕی بوو هەزاران قسە لە نێوان ئەو دوو نیگایە دەبیستراو ڕۆحی مرۆڤی هەلا هەلا دەکرد کەس نەیدەزانی ئەو پیاوە ڕیشنە کێیە ڕیشێکی هێندە زۆری هەبوو ، بەڵام جوانییەکەی نەدەشاردەوە ، وەک بڵێی خەم ئاوێزان بوە بە هەر تاڵێکییەوە ڕوخسارێکی جوانی هەبوو هەرگیز هیچ شتێکی دەربارەی خاوەنی ئەو تابلۆیە بۆ هیچ کەسێک باس نەکردووە ڕەنگیشە بۆچوونی دراوسێکانی لە بارەی ئەو تابلۆیە هەڵە بێت ئەکرێ ئەو وێنەیەی تەنها لە خەیاڵی خۆیدا کێشا بێتی و ڕەنگ دانەوەی خەیاڵەکانی بێت ، بەڵام ئەی چی دەربارەی ئەو سەیرکردنانەی فەخروزەمان بۆ ئەو پیاوە ، وەها بە نامۆیی لێی دەڕوانێت وەکو ئەوەی لە بیابانێک ونی کردبێت ، پێ دەچێت خاوەنی ئەو تابلۆیە دڵی ئەوی بردبێت هەر بۆیەش فەخروزەمان لە نیوەشەودا دەیدا لە پرمەی گریان و بۆی دەگریا وماوەیەکی زۆر بەرامبەر ئەو تابلۆیە بە بێدەنگی دادەنیشت هیچی نەدەوت وەها دڵی پڕ دەبوو وا هەستی دەکرد هەموو دیوارێکی ئەو ماڵ دیواری

زیندانە  بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا خەمەکانی بۆ هیچ کەسێک باس نەدەکرد ، هەڵسوکەوتی بە جۆرێک سەیر بوو کە سەرنجی هیچ پیاوێکی نەدەدا هەرگیزیش هیچ پیاوێکی لا جوان نەبووە هەرگیزیش بە تایبەتی لای هیچ کەسێک باسی هیچ پیاوێکی نەکردووە ، زۆر بە کەمی ڕێگەی دەدا بکەوێتە ژێر کاریگەری هەستەکانی ، هەر بۆیەش بۆ خەڵکی نامۆ بوو ، کاتێک باسی کەسێکیان بۆ دەکرد ڕووی وەردەگێڕاو خۆی لە باسەکە دەدزییەوە وەک بڵێی نەیەوێت هیچ شتێک ببیسێت ، ئەو شەوە فەخری خانم تا درەنگانی شەو خەریکی تەواوکردنی کتێبەکەی بوو ، کاتێک لە بارەی ئەو کتێبەوە پرسیاری لێ دەکرا دەیووت من بەم کتێبە ژیان ئەگەڕێنمەوە نێو مرۆڤەکان ، دیار بوو کتێبەکەی پڕ بوو لە غەزەلی جوان ، کاتێک کە بۆ کەسێکی دەخوێندەوە مرۆڤ هەستی دەکرد ئەو وشانە هی کتێبێکی ئاسمانییەو لە دەسەڵاتی مرۆڤ بەدەرە و مرۆڤ ناتوانێت هێندە بە باڵایی خەیاڵ بهۆنێتەوەو وەکو بولبول بخوێنێت ، دەنگێکی هێندە خۆشی هەبوو کە مەحاڵ بوو کەسێک لەژێر کاریگەری دەنگی دەربچێت و بە جیهانی خەیاڵ ئاشنا نەبێت ڕۆحی وشەکانی نیشان دەداین ، هەر بۆیەش وشەکان ڕۆ دەچووە ڕۆحی ئینسانەوە و مەستی دەکرد، غەزەلەکانی لە ئامۆژگاری و پەند بێ بەش نەبوو ، فەخرو زەمان هەرچ کات بیویستبا شتێک لە کەسێک تێ بگەیەنێت ، یاخود ئامۆژگاری بکات هەرگێز بە تایبەتی بۆی نەدەدوا، بە خوێندنەوەی غەزەلێک کەسی بەرامبەری تێدەگەیاند کە چی لێ دەوێت و ئەیەوێت چی بڵێت ، هەر بۆیەش خەڵکی

خۆشیان دەویست ، چونکە کەسێکی قسە ڕەق نەبوو ، زیاتر هێمن و لە سەر خۆ بوو ، نەیدەهێشت هیچ کەسێک سنوری ببەزێنێت هەر زوو ئاگاداری دەکردەوە لەوەی ئاگاداری هەڵسوکەوتی بێت ، بۆیە خەڵکیش بە ورياييەوە مامەڵەیان لەگەڵ دەکرد ، تا درەنگانی شەو کاری دەکرد جار جاریش سەیری تابلۆکەی دەکردوو پێ دەکەنی وەک ئەوەی شتێکی گاڵتە ئامێز لەو فەزایەدا ڕووی دا بێت ، کاتژمێر سێیی شەو چوە سەر جێگاکەی و خەوی لێ کەوت ، بەیانی بە زەنگی مۆبایلەکەی خەبەری بوەوە ، دەستی درێژ کردوو سەیری بۆمۆبایلەکەی کرد بینی فەرانەک خاتوون زەنگی بۆ کردووە ، پەیوەندییەکەی وەرگرت و فەرانەک خاتوون سڵاوی کردو وتی سلام دخترم چطوری ؟خوبی ؟ فەخروزەمان بە بیستنی وشەی کچەکەم هەستی جوڵاو بە دەنگێکی نەرم وڵامی دایەوەو وتی سلام بانوی من ، خیلی متشکرم من خوبم تو هم خوبی ، دیار بوو کە فەرانەک خانم نیگەرانی دۆخی فەخروزەمان بوو بوو ، بۆیە داوای لێ کرد کە سەردانی بکات و لەگەڵ خۆشیدا ، شوشەیەک لەو گوڵاوە بێنێت کە خۆی دروستی دەکات ، هەر بۆیە هەر زوو فەخروزەمان لە سەر جێگەکەی هەستاو نانی بەیانی خواردو بەرەو ماڵی فەرانەک خانم بە ڕێ کەوت ، ئەو وڵامێکی یەکلاکەرەوەی هەبوو بۆ داخوازییەکەی فەرانەک ، هەر هەمان کات ویستی وڵامی بداتەوە بەڵام ئەو ڕێگەی پێ نەدا بۆیە ، دەترسا لەوەی فەرانەک بڕەنجێت و دڵی بشکێت چونکە جگە لەفەخروزەمان ، هیچ کەسێکی شک نەدەبرد گەیشتە ماڵی فەرانەک خاتوون و سڵاوی لێ کردو

فەرانەکیش بە گەرمی بە خێرهاتنەوەی کردوو بە دووبارە بینینەوەی دڵخۆش بوو ، پاش کەمێک گفتوگۆ دەربارەی کەش و هەوای ئەم چەند ڕۆژەو بۆنە خۆشەکەی گوڵاوەکەی فەخروزەمان ، فەرانەک بابەتەکەی کردەوەو پرسیاری کرد ئایا بیرت کردەوە ، فەخروزەمانم ؟ فەخروزەمان یەکەم جاری بوو بکەوێتە دۆخێکی وەهاوە بۆیە کاتێک قسەی دەکرد نەیدەتوانی لە چاوی خاتوونەکەی بڕوانێت ، هەرچۆنێک بوو بۆچوونی خۆی گەیاند بە فەرانەک خاتوون و تێی گەیاند کە ناتوانێت و ئامادە نیە بۆ ئەو کارە ، فەرانەکیش لە مەبەستی تێگەیشت ، چونکە ژنێکی تێگەیشتوو بوو نەدەیویست زۆری لێ بکات هەر بۆیە زۆر بەسەر خۆیدا نەهێناو لە پڕ بابەتەکەی گۆڕی و پرسیاری کرد بۆ ئەمڕۆ چ خواردنێکمان بۆ لێدەنێیت ، فەخروزەمانیش وڵامی دایەوە هەرچ شتێک کە تۆ ئارەزووی بکەیت خاتوون ، بەم جۆرە فەخرو زەمان ئەوێی بەجێ هێشتوبۆ کارکردن چووە چێشتخانەکە ، وا دیار بوو کە جەمشید خانیش گەڕابێتەوە بۆ تاران ، نەبینینی ئەو لەو ماڵەدا بۆ فەخروزەمان دڵخۆشکەر بوو ، چونکە حەزی نەدەکرد ڕوو بە ڕووی بێتەوە ، تەواوی ئەو ڕۆژە فەخروزەمان بە کارکردن بەسەر برد ، حەزی نەدەکرد چاوی بە فەرانەک خانم بکەوێت ، دەترسا لەوەی کە شتێک بڵێت ، یاخود شەرمی لێ دەکرد هەر بۆیە ئەو ئێوارەیە فەرانەکی بە جێ هێشت و بەرەو کەناراوەکە بەڕێ کەوت ، زۆر بە پەرۆش بوو بۆ بینینی باڵندەکان و بیستنی دەنگی شەپۆلەکان ، کاتێک دەڕۆیشتە ئەوێ سەرپۆشەکەی لا دەبردوو قژە ڕەشەکەی لە نێو حەوادا

شەپۆلی دەدا شەپۆلی دەریاو شەپۆلی قژی دوو ئاراستەی پێچەوانەیان گرتبوو ئەو هێندە بە قوڵی کەوتبووە نێو جیهانەکەی خۆیەوە ، تا لە بێئاگاییدا شەپۆلی دەریا قردێلە سوورەکەیان لێ ڕفاندو بردیانە قوڵایی دەریا ، هیچ کەسێک نەبوو ، بە بینینی دوو دەریا بە تەنیشت یەکەوە سەرسام نەبێت و واقی وڕ نەمێنێت ، لە ڕوواڵەتدا هێندە سەرنج ڕاکێش بوو هۆشی هەموو کەسێکی دەبرد ، ئەو ئێوارەیە زۆر نەمایەوەو سەرپۆشەکەی لە مل کردوو بە رەو ماڵ کەوتە ڕێ ، قژی وەها بە جوانی لە نێو حەوادا کەوتبووە سەما و لە کۆتایی هەر تاڵێک خامۆش بوونێک بەدی دەکرا و لەملی دەئاڵا وەک بڵێی پەتی سێدارەیەو جەلادی مرۆڤەکانە ، بۆنی گوڵاوی قژی کۆڵانە تەسکەکانی باکوری پڕ کردبوو وەک بڵێی سەرەتای بەهارەو ، گوڵی نێرگز بەسەر شاردا باریوە ، ئەو نەیدەویست سەرنجی خەڵکی ڕابکێشێت ، بەڵام حەزی دەکرد قژی ئازاد بکات و کەمێک بە ئارەزووەکانی دڵی ڕەفتار بکات ، گرینگی بەوەش نەدەدا کە خەڵکی لێی دەڕوانن ، تەنها دەیوویست ئەو کاتانەی کە تەنهایە چێژ وەرگرێت ، بەتایبەتی دەیویست زیاتر کار لەسەر کتێبەکەی بکات و وێنەی زیاتر بکێشێت و دەست لە خزمەتکردنی فەرانەک خانم هەڵگرێت ، بەتایبەتی لەدوای بابەتی داوا کارییەکەی فەرانەک ، بەڵام هیچ کەسێکی شک نەدەبرد تا داوای لێ بکات لە شوێنی ئەو کار بکات بەتایبە تیش دڵی نەدەهات وازی لێ بێنێت چونکە پیرە ژنێکی بەستەزمان لە دوای خودا تەنها فەخروزەمانی شک دەبرد، دڵی نەدەهات خۆی لەو بکات و لە ژیان

نائومێدی بکات، هەر بۆیە بە ناچاری لەلای دەمایەوەو یارمەتی دەدا سەرەڕای ئەوەی پارەیەکی کەمی پاشەکەوت کردبوو ، ئەو پارەیەی کە وەری دەگرت بە ئەستەم بەشی پێویستییەکانی دەکرد ، تا دەهات زیاتر وەڕس دەبوو حەزی دەکرد بەبێ هیچ بەرامبەرێک ، یارمەتی بدات ، بەڵام ناچار بوو چونکە پێویستی بە پارە بوو وە کرێی خانوەکەشی ساڵ بە ساڵ زیادی دەکرد ناچار بوو ، بڕێک لەو پارەیەیەی کە پاشەکەوتی کردووە ،لە دابینکردنی پێداویستییە کانی خۆی خەرجیان بکات ، ئەمەش ئەوی زیاتر دڵگران کردبوو ، چونکە لەمەبەستەکەی نزیک بوو بووە وە و لەوە دەترسا پێش ئەوە هەموو پارەکانی خەرج بکات ، تەنانەت ئەگەر وازشی لە کارەکەی هێنابا نەیدەتوانی کارێک پەیدا بکات کە پارەیەکی باشتری دەست بکەوێت ، دەستکەوتنی پارە لەو وڵاتە کارێکی ئەستەم بوو بە تایبەت ئەگەر بتویستایە پاروویەکی حەڵاڵ پەیدا بکەیت و بە ڕێگای دروست پارە پەیدا بکەیت ، هەر بۆیە لەو ناوچەیە ژنان و پیاوانیش کاریان دەکرد ، تا بژێوی ژیانیان پەیدا بکەن ، گوزەران لەو وڵاتەدا زۆر سەخت بوو بە تایبەت لەوەرزی پایزو زستاندا ، گەشتیار کەمتر ڕووی لە ناوچە گەشتیارییەکان دەکرد ئەوەش وای دەکرد ، خواستی ، کڕینی بەرهەمی ناوخۆ کەم بێت، و گوزەرانی خەڵک ، قورس دەبوو ، ناچار لە کارگەکان کچان و ژنان بە پارەیەکی کەم کاریان دەکرد ، کە بەشی پێویستی ماڵ و خواردن و پێداویستی خوێندنی منداڵەکانیان بکات ، هەرچەندە ، ئەو ناوچەیەی ئەوانی لێ دەژیان زۆر دڵڕفێن بوو، بەڵام کاتێک مرۆڤ بە بێ

ویستی خۆی مەحکوم بکرێت بە شتێک بە زۆر بە سەریدا بیسەپێنن ئەوا بۆ هەمیشە ئاوارەیە لە کاتێکدا کە ئەوان بەزەحمەت بەشی بژێوی ژیانیان دابین دەکردو لە سەختیدا دەژیان نیشتیمان وفرۆشتنی نیشتیمان پەروەری بە ئەوان کارێکی گەمژانە بوو ئەوان لەو پارچە زەوییە وەڕس بوو بوون ، لەو بڕوایەدا نیم لە دۆخێکی وەهادا هیچ کەسێک کڕیاری بێت ، هەندێ کات کە هەڵەیەک بەرامبەر بە گەلەکەت دەکەیت باشترە کە بێدەنگ بیت و هیچ ڕوونکردنەوەیەک نەدەیت چونکە هەرچەندی بتەوێت ڕوونکردنەوەی زیاتر بدەیت زیاتر ناشرین دەبیت ، بۆیە لەو دۆخانەدا باشتر وایە کە بێدەنگ بیت و هەموو شتێک بە کات بسپێرییت هەرچەندە ئەم کارە بۆ سیاسییەکان قورسە چونکە ئەوان لە درۆو قسەکردنی بەردەوام ڕاهاتوون ، هەرکاتێکیش بیانەوێت سەرنجی خەڵکی هەژار ڕا بکێشن ڕەخنە لە سەرو خۆیان دەگرن ، وەک ڕاکێشانی هەست و سۆزی خەڵک بەلای خۆیاندا وەلێ خەڵک لە ڕووخساری سواوی ئەوان گەلێک بێزارو وەڕسن، بەڵام لەگەڵ هەر ناڕەزایەتییەکیش دەر ببڕن بە مەرگیان کۆتایی پێ دێت ، هەر بۆیە بە ڕواڵەت وا دەهاتە پێش چاو وەکو ئەوەی بڵێی حوکمەت یاری کش ماتی لەگەڵ کردوون هەمووان تەنها یاساکانیان جێ بەجێ دەکردو هیچ کەسێک ناڕەزایی دەر نەدەبڕی تەنها نەیان دەویست دۆخەکە لەوە خراپتر بێت و گوزەرانیان هێندەی تر سەخت تر بێت بۆیە بێدەنگ دەبوون ، ئەو ڕۆژانە کە فەخروزەمان بۆ کارکردن دەچووە ماڵی فەرانەک خانم بەڕواڵەت کزو لاوازو ڕەنگ زەرد دەردەکەوت وەک

بڵێی کاتی مەرگی هاتووەو کاتژمێرەکانی کۆتایی خۆی دەژمێرێت ، بۆیە شەوێک داوای لە فەخروزەمان کرد کە بە تەنها جێی نەهێڵێت و لەلای بمێنێتەوە، نیگایەکی پڕ لە تکای بۆ کرد بە دەستە لاوازەکەی دەستی فەخروزەمانی گرت و سەیری دەکرد ، وەکو ئەوەی دوا شەوی بێت و بیەوێت کۆدی نهێنییەکانی بۆ یەکەمین و کۆتا جار بشکێنێت بۆیە بەبێ ئەوەی هیچ شتێک بخوات دەستی فەخروزەمانی گرت و بردییە ژووری نوستنەکەی و پێی وت کچەکەم فەخری چەن شتێکت بۆباس دەکەم ڕەنگە ئەمشەو کۆتا جارمان بێت کە یەکتر ببینینەوە بۆیە باش گوێیەکانت بکەرەوەو گوێم بۆ بگرە بەڵام دەبێت لە پێشدا بەڵێنم پێ بدەیت کە هەموو ئەمانەی ئەیڵێم بە نهێنی بیهێڵیتەوە ، دەمەوێ ئەمشەو خۆم لە ڕابردووی پڕ لە ئازارم پاک بکەمەوەو خۆم لەو ئازارەی کە چەشتوومە ڕزگار بکەم ، فەخروزەمان کاتێک ئەم قسانەی بیست فرمێسک بە چاوەکانیدا دەهاتە خوارەوەو نەیدەویست گوێبیستی وشەی مەرگ بێت فەرانەک خاتوون دەستی بە گێڕانەوەی چیرۆکەکەی کردو وتی کاتێک کە وەکو تۆ کچێکی گەنج و جوان بووم لە سەردەمی خۆمدا زۆر کەس ئیرەییان پێ دەبردم لە بەر ئەوەی من خەڵکی ئەفغانستانم و خەڵکی ئەو وڵاتەش زۆر بەرامبەر ئافرەت توندو تیژ بوون ئافرەت وەکو دروستکراوێک بۆ پڕکردنەوەی پێداویستییەکانی پیاو دەبینرا هەربۆیە زۆر گوێ لە ڕای ژن نەدەگیرا ، ئەو کاتانەی کە ماڵی ئێمە لەبەر هەژاری و نەداری دەمان ناڵاند بنەماڵەکەم داوایان لێ کردم کە هاوسەرگیری لەگەڵ پیاوێکی بازرگانی وڵاتی ئێران

بکەم هەرچەندە بەتەمەن زۆر لەمن گەورەتر بوو بەڵام ڕەتکردنەوەی من بۆ ئەو هاوسەرگیرییە زۆر بێ بایەخ سەیر دەکرا ، داوام لە دایکم کرد کە باوکم ڕازی بکات تا دەست لەو بیرکردنەوەیە هەڵگرێت ، بەڵام فایدەی نەبوو ، چونکە من کچی گەورەی ماڵەوە بووم و لە بەرامبەر ئەو هاوسەرگیرییە باوکم پارەیەکی باشی وەردەگرت ، کە ڕەنگە لە هەژاری قوتاریان ببێت و چیتر ئاوڕ لەو دۆخە نەدەنەوە هەر بۆیە دایکم قسەکەمی ڕەت کردەوەو وتی کە ئەم هاوسەرگیرییە هەم ژیانی تۆو هەم ژیانی ئێمەش ڕزگار دەکات ، من تێ ناگەم تۆ بۆچی دژی بەرژەوەندییەکانی خۆت و خێزانەکەشتی ، مەگەر ناتەوێت خوشکەکانت بخوێنن و خوێندەوار بن ، بۆچی دەتەوێت وەکو خۆت نەخوێندەوار دەربچن ، کاتێک سەیری دۆخی خێزانەکەم دەکرد ویژدانم ئازاری دەدام ، لە هەمان کاتیشدا پرسیارم لەخۆم دەکرد بۆچی من ئەو قوربانییە بدەم بە ژیانی خۆم ، بۆچی ئەبێ ، هەموو بەرپرسیارێتییەکان من هەڵی گرم ، لەگەڵ ئەوەشدا دەترسام ئەگەر قسەی ئاوان ڕەت بکەمەوە ئەوا تووشی ئازار دەبم ، چونکە بڕیارەکە خانەوادەکەم دابوویان و ئەبوو من گوێڕایەڵی بم تەنانەت ئەگەر ناڕەزایەتیشم دەرببڕیایە ئەوا هیچ کەسێک گوێی نەدەگردت ، ئەگەر بشم ویستایە ڕابکەم ئەوا سەرگەردان ئەبووم و چارەنووسم نادیار بوو ، هیچ پارەیەکم پێ نەبوو ، نەشم دەزانی بۆ کوێ بڕۆم ، بە ناچاری ئەو پێشنیارەم قبوڵکردو وەکو خێزانی باوکی جەمشید نیشان کرام ، حامید کە منی زۆر خۆشدەویست لەبەرامبەر نیشانکردنەکە پارەیەکی خەیاڵی دا بە

باوکم ، ئێوارەی ئەو ڕۆژە هەمووان دڵخۆش بوون بێجگە لە من کە خەم دایگرتبووم باوکم کە سەرقاڵی ژماردنی پارەکانی بوو ، سەیرێکم کردو ، پێم وت لەبری ئەوەی تۆ قورسایی ئەم خێزانە هەڵگریت خۆت لە بەر پرسیارێتییەکان دزییەوەو هەموویت خستە سەر شانی من ، ڕەنگە ئەمڕۆ زۆر دڵخۆش بیت بە بینینی ئەو پارانە بەڵام زۆر ناخایەنێت و دوبارە هەژار دەبیتەوە ئەی ئەو کاتە چی دەکەیت ؟ حامیدێکی تر چۆن دەدۆزیتەوە تا بیکەیتە هاوسەری یەکێک لە کچەکانت پێت وایە، دەتوانیت بەم پارانە مرۆڤ بفرۆشیت ، نەخێر بەڵکو تۆ هەر ئەو ڕۆژەی کە بیرت لەوە دەکردەوە خۆت هەڕاج کرد ، ئەو بە قسەکانم زۆر تووڕە بوو بەڵام نەیدەویست خۆشی خۆی تێک بدات منیش کە چیدی هیچ شتێکم نەمابوو لێی بترسم پێم وت ئەو ڕۆژەی من لەم ماڵە دەڕۆم نوێژی مردووت لەسەر دەکەم و هەر لێرە دەتنێژم چونکە چیدی من تۆ ناناسم و باوکی من نیت ، فەخروزەمان کە دەستی فەرانەک خانم لەنێو دەستیدا بوو بەم چیرۆکە ئازارەکانی خۆی دەکەوتەوە یادو فرمێسکەکانی یەک لەدوای یەک دەهاتنە خوارەوە و بە هێمنی گوێی گرتبوو ، فەرانەک کە تا دەهات چیرۆکەکەی ڕووی لە خراپی دەکرد و ئاهی هەڵدەکێشا لەگەڵ هەر ئاهێک کە هەڵی دەکێشا خەریک بوو گیانی دەکێشرا ، بەڵام لە گێڕانەوەی چیرۆکەکەی بەردەوام بوو ، وتی سەرەڕای ئەوەی کە ئەو وڵاتەم بەجێ هێشت ڕقێکی زۆریشم لە حامید بوو ، یەکەم جار کە چاوم پێ کەوت پێم وت پێت وایەم دەتوانیت بە دوو پولی قەڵب مرۆڤەکان بکڕیت و هەرچییەک کە ئارەزووی

بکەیت بە دەستی بهێنیت ، تۆ کێییت تا نرخ لەسەر مرۆڤەکان دابنێییت ، ئەویش کاردانەوەیەکی خراپی نەبوو لە وڵامدا وتی من نرخم لەسەر تۆ دا نەنا بەڵکو باوکت نرخی لەسەر تۆ دانا کاتێک من داوای تۆم لێکرد ، کاتێک ئەو قسەیەم بیست هێندەی تر شەرم دایگرتم ،حەزم دەکرد زەوی شەق بەرێت و بچم بە ناخی زەویدا بەڵام حامید کەسێکی میهرەبان بوو یەکەمجار کە منی بینی بەڵێنی پێدام کە حەقی هەموو ئەو نەهامەتیانە بکاتەوە کە من تێیدا ژیاوم ئەو کاتەی کە ئەفغانستانمان جێ هێشت تاکە شتێک کە نێیگەرانی دەکردم خوشکەکانم بوو زۆر بۆ دۆخی ئەوان دڵتەنگ بووم چونکە دەمزانی باوکم ئەو پارەیە لەواندا خەرج ناکات و پارەکانی لە خزمەتکردنی خۆیدا خەرج دەکات ، کاتێک کە گەشتینە وڵاتی ئێران لە لایەن خانەوادەی حامید خانەوە پێشوازییەکی گەرمم لێ کرا بەڵام من هەستم بە تەنهاییەکی زۆر دەکرد ، سەرەڕای ئەوەی لە هیچ شتێکم کەم نەبوو بەڵام هەستم بە نەنگی و تەنهاییەکی زۆر دەکرد ئەم هەستکردن بە تەنهاییە زۆری نەخایاندو وردە وردە لەگەڵ بارودۆخەکەدا ڕاهاتم ، حامیدشم خۆش دەویست چونکە میهرەبان بوو لەگەڵم مانگانەش دەیبردمەوە بۆ وڵاتی ئەفغانستان تا ئاگام لە دۆخی خوشکەکانم بێت بڕێک پارەی پێ دەدام تا پێیان بدەم و بۆ دابیکردنی پێداویستییەکانی خۆیان خەرجی بکەن ، باوکم هەموو ئەو پارانەی کە لە حامیدی وەرگرتبوو لە قومارا دۆڕاندبووی ، بۆیە زۆربەی ڕۆژەکانی بە خواردنەوە بەسەر دەبرد هەر بۆیە کاتێک دەڕۆیشتمەوە دایکم سەیری نەدەکردم و قسەی لەگەڵ

نەدەکردم ، هەمیشە گلەیی ئەوەی دەکرد کە بۆچی من هیچ یارمەتییەکی داراییان نادەم ، دایکم ژنێکی بەد بەخت بوو دڵیشی بۆ هەمووان دەسووتا بەڵام باوکم ئەوی گۆڕی بوو نەشی دەوێرا دژی بۆچوونەکانی ئەو هەڵسووکەوت بکات ، هەر کاتێک باوکم هەر کارێکی هەڵەی کردبا دایکم پێی وابوو کە ئەوە ڕاسترین کارە ، ئەگەریش پێی ڕاست نەبوایە ڕەتی نەدەکردەوە ئەگەر دایکم هەر لەسەرەتاوە ڕێگەی بە باوکم نەدایە گرەو لەسەر ژیانی بکات و چەند جارێک پێی وتبا نا ئەوا ئەو جانەوەرەی ئێستای لێ دەر نەدەچوو، هەندێک کات پێویستە بە بەرامبەرەکەت بڵێی نا تا سنوری خوی بزانێت وسنوری بەرامبەرەکەی نەبەزێنێت بەڵام بەداخەوە زۆربەی ژنەکان ئەگەرچی مێردەکەیان هەر چەندە هەڵەش بێت ئەوان پێیان ڕاستە کەمتر خاوەنی ڕای خۆیانن ، هەمیشە خۆیان لەبیر دەکەن تا بیرکردنەوەی مێردەکانیان پەسند بکەن ، ئەوە شتێک بوو کە من زۆر ڕقم لێی بوو ، هەر کە هاتمە ئێران دەستم بە خوێندن کردو داوام لە حامید کرد کە مامۆستای تایبەتم بۆ بگرێت تا فێری خوێندنەوەو نووسین ببم بەو شێوەیەش بە ماوەیەکی کەم فێری نووسین و خوێندنەوە بووم و وردە وردە کەوتمە سەر پێیەکانی خۆم ، بەتایبەت لە دوای لەدایک بوونی جەمشید بەختەوەری ڕووی لەژیانم کردبوو ، شەوو ڕۆژم بە یاری کردن لەگەڵ ئەودا بەسەر دەبرد حامید خان هێندەی خۆش دەویست کە نەیدەویست هەرگیز لێی دوور کەوێتەوە ، من کە ئەوانم دەدی بەو شێوەیە ئیرەییم پێ دەبردن وام بیردەکردەوە کە بەهۆی جەمشیدی کوڕمەوە منی

لەیاد کردووە ئەمەش خۆی لەخۆیدا تەنها بیرکردنەوەیەکی بێ مانا بوو بۆیە ویستم تۆڵە لە حامید خان بکەمەوە تا درک بەوە بکات کە چیتر منیش گرینگی پێ نادەم ، کاتێک دەهاتەوە پێشوازیم لێ نەدەکرد زیاتر کاتەکانم بە خوێندنەوە بەسەر دەبرد ، تەنانەت هەنێک لە شەواکان تا درەنگ لەگەڵ خزمەتکارەکان ئەمامەوە بۆ ئەوەی ئەو هەستم بە نەبوونی من بکات و زیاتر نرخم بزانێت ، ئەمە جگە لە مەکرێکی ژنانە هیچی تر نەبوو ، بەڵام ئەم بۆچوونەم زۆری نەخایاند چونکە حامید خان زۆر لەوە زیرەکتر بوو کە من پێشبینیم کردبوو ، ڕۆژێک داینیشاندم و پێی وتم کە چیتر بەو شێوازە ڕەفتاری لەگەڵ نەکەم چونکە ئەوی زۆر ئازارداوە و ناتوانێت بەرگەی ئەو ڕەفتارانە بگرێت منیش هەرزوو لەوە تێگەیشتم کە بۆچوونەکەم سەبارەت بە ئەو هەڵەیەو پێویستە دەست لەو بیرکردنەوانە هەڵگرم ، ڕۆژگار هەروا تێنەپەڕی و زۆری نەبرد کە حامید تووشی نەخۆشییەکی قورس هاتبوو کە لەبەر ئازار نەیدەتوانی هەڵسێتە سەر پێ ، پزیشکەکانیش لەبارەی دۆخی نەخۆشییەکەی نائومێد بوون زۆری نەبرد هەر زوو کۆچی دووایی کردو باری قورسی ژیان کەوتە سەر شانەکانم لەهەمووی قورستر گەورەکردنی جەمشیدی کوڕم بوو کە دەبوو من هەم باوک و هەم دایک بم بۆی ، لەبەر ئەوەی حامید هەموو سامانەکەی کردبوو بە ناوی منەوە لەوە دوا من کارەکانی ئەوم دەبردە ڕێوە زۆر ماندوو دەبووم لە بەر ئەوەی خوێندەواریشم هەبوو، زۆر باش شارەزاییم لە کارەکەدا پەیدا کردبوو ڕۆژێک بۆ کارێکی بازرگانی پێویست بوو بچم بۆ

وڵاتی ئەفغانستان جلێکی تایبەت بە خانمە دەوڵەمەندەکانم لەبەر کردبوو ئەم کارەشم بە ئەنقەست بوو چونکە دەموویست باوکم بمبینێت کە لە چ ئاستیکدام ، کاتێک کە سەردانی ماڵەوەم کرد جەمشیدیش لە باوەشی خزمەتکارەکەم بوو ، کاتێک کە دەرگایان کردەوە یەکێک لە خوشکەکانم دەرگاکەی کردەوە بینیم کە جلێکی ڕەشی لەبەر کردووە بە ڕوواڵەتیدا زانیم شتێک ڕووی داوە ، بۆیە پرسیم چی بووە باوەشی پێدا کردم و دەستی کرد بە گریان ، کاتێک کە چوومە ژورەوە چاوم بە دایکم کەوت کە ئەویش بە پارچەیەک پەڕۆ نێوچەوانی بەستووە و جلێکی ڕەشی لەبەردایە پاش کەمێک تێ گەیشتم کە باوکم هێندە ی خواردۆتەوە ، تا تووشی نەخۆشی بووەو مردووە ، و خێزانەکەم بێچارە ماونەتەوە و ، بنەماڵەی باوکم مامەکانم بە تابەتی ئەیانەوێت خوشکەکانم بە هەمان چارەنووسی من بەرن ، ئەمە زۆر تووڕەی کردم بۆیە هەر زوو پێم وتن کە کەلوپەلەکانیان کۆ بکەنەوەو لە نیوە شەودا ئەڕۆین بۆ وڵاتی ئێران دایکم لەوە دەترسا بیانکوژن یاخود ئازاریان بدەن ڕووم لە دایکم کردو پێم وت تکات لێ دەکەم بۆ یەکجار لە ژیانت جەسوور بەو مەترسە تەنها یەکجار قوربانی بدە لە پێناو ژیانی خۆت چونکە ئەوان هاوسەرگیری دەکەن و تۆ تەنها دەمێنیتەوە ، تۆش ژنێکی گەنج و جوانیت ئەو کاتە ڕەنگە تۆش ناچاربکەن وەکو نەریتێکی کۆنی ئەم وڵاتە شوو بە یەکێک لە مامەکانم بکەیت ، دڵنیام تۆ ئەوەت ناوێت ، من ئێستا ژنێکی بێ مێردم هەروەها پارەو سامانێکی زۆرم هەیە دەتوانی بێییتو لە گەڵ مندا بژیت بە ڵێنیت پێ

دەدەم هیچ کەم و کوڕییەکتان نابێت تەنها متمانەم پێ بکەن ، دوای قسەکردنێکی زۆر دایکم قایل بوو بەوەی لە گەڵماندا بگەڕێتەوە بۆ وڵاتی ئێران داوام لێ کردن کە تەنها شتە بەنرخەکانیان کۆ بکەنەوە و لای هیچ کەسێکیش نەیدرکێنن کە هاوسەرەکەم کۆچی دووایی کردووە ، ئەمەش لەبەر ئەوە بوو دەترسام مەحکومم بکەن بە یاساکانی خۆیان بۆیە داوام کرد تا ئەگەینە وڵاتی ئێران بە بێ دەنگی بمێننەوەو هەرچکەسێکیش کە پرسیاری کرد پێی ڕا بگەیەنن کە من بۆ پرسەکەی باوکم هاتووم و ماوەیەکی کەم ئەمێنمەوە ، هەر بۆیە کاتێک شەو گەیشتە نیوەی خۆمان کۆکردەوەو بەرەو وڵاتی ئێران بە ڕێ کەوتیین وەکو ئەوەی داوام کردبوو چەن شتێکی کەممان لە گەڵ خۆماندا برد ، بە شۆفێرەکەم وتووت بە خێرایی بەرەو ئێران بە ڕێ بکەوێتەوە ، هەموو کەسێک منی دەناسی بۆیە سەربازی سەر بازگەکان زۆر لێپرسینەوەیان لە گەڵ نەدەکردم ، دوای ماندوو بوونێکی زۆر گەیشتینە وڵاتی ئێران ، من کە لەبیری ئەو خەڵکە بووم کە جێمان هێشتبوون پێکەنین دەیگرتم چونکە پلانێکی باشم بۆیان داڕشتبوو لەوە دوا هیچ شتێک بە ئارەزووی ئەوان نەدەڕۆیشت ، و ئیتر من زۆر لە بڕیارەکانی ئەوان گەورەتر بووم ، دەمتووانی بەسەریان زاڵ بم چوونکە من چیتر بوو بوومە ژنێکی ئێرانی ، ئەوان نەیان دەتوانی تێکەڵی ژیانم ببن ، هەر کە گەشتینەوە داوام کرد بحەسێنەوەو جلو بەرگی نوێ لەبەر بکەن ، پاشان بۆ نانی ئێوارە داوام کرد خزمەتکارەکان خواردنێکی خۆش ئامادە بکەن ، کاتێک کە هەمووان خەریکی نانخواردن بوون من

داوام کرد کە دەست بکەن بە خوێندن و لەسبەی زووتر نیە سەردانی نزیکترین قوتابخانە ئەکەم تا ناوتان تۆمار بکەم و لێی بخوێنن داواشم لە دایکم کرد کە ئەویش دەست بکات بە خوێندن و بەو مەبەستە مامۆستایەکی تایبەتی بۆ دەگرم و بەو جۆرە هەوڵم دا قەرەبووی ڕابردووی پڕ لە ئازاری ئەوان بکەمەوەو چیدی ڕێگە نەدەم لە نەزانیدا بژین و بەرگری لە مافەاکانی خۆیان بکەن و لە پێناو ڕاستیدا بجەنگن ، دایکم سەرەڕای ئەوەی کە لە تێگەشتن و لەبەرکردن خراپ بوو بەڵام توانی فێری خوێندنەوەو نووسین ببێت ، خوشکەکانیشم لە ئاستێکی باڵادا بوون لە قوتابخانە ، بەڵام خۆشبەتییەکەمان زۆری نەخایاندو دایکیشم بۆ هەتا هەتایە جێی هێشتین ، دایکم ژنێکی هەژارو بەد بەخت بوو هیچ کات لە ژیانیدا خۆشی نەبینیبوو کاتێکیش کە لەسەرە مەرگدا بوو فەریباو ، ئاهووی بە من سپارد کە ئاگام لێییان بێت تا دەهات باری سەر شانم قورستر دەبوو بە تایبەت جەمشیدی کوڕم کە زۆر خوی بەوەوە گرتبوو لە بێ ئەویدا ئۆقرەی لێ بڕابوو بەردەوام دەگریا ، هیچ کەسێک نەیدەتوانی ئەو ژیر بکاتەوە ، چونکە من ناچار بووم بۆ کارکردن بچمە دەرەوە و ئەو لەلای دایکم بە جێ دەهێشت ، بەڵام لە دواییدا ئەویش لە نەبوونی ئەو ڕاهات و کاتی چوونە قوتابخانەی نزیک بوو بووەوە هەرچەندە من حەزم دەکرد بە تایبەت فێر بکرێت بەڵام بە حەقی خۆمم نەدازانی کە دایبڕێنم لە کۆمەڵگە بۆیە بڕیارم دا بینێرمە قوتابخانە ڕۆژانی پێنج شەمانیش دەمبردە سەر گۆڕی باوکی و دایکم و چەند کاتژمێرێک دەمانەوەو باسی ئەوانم بۆ

دەکرد باسی حامیدی باوکیم دەکرد کە چەندە ئەوی خۆش دەویست ، دەمویست جەمشید پیاوێک بێت ، هەستی پیاوانەی خۆی نەخاتە پێش مافەکانی بەرامبەرەکەی ، نەمدەویست ئەو پیاوێکی سمێڵ زلی کەلە ڕەقی لێ دەربچێت هەمیشە ئامۆژگاریم دەکرد کە ئافرەتانی خۆش بوێت و بەکەم لێیان نەڕوانێت وە باسی نەفامی سەردەمی خۆمم بۆ دەکرد تا ئەو هەڵانە دوبارە نەکاتەوە ، نەشم دەویست کۆپی ئەوە دەرچێت کە من دەمەوێت تەنها ئامۆژگاریم دەکرد کەبە ڕێگەی هەڵەدا نەڕوات ئەوەی بەلامەوە گرینگ بوو دەموویست ئەو خۆی بێت ، مناڵەکانتان وا پەروەرد بکەن کە خاوەنی بیرو ڕای خۆیان بن و خۆیان خۆیان پەروەردە بکەن ئەویش بە ئاشنا کردنیان بە خوێندن و خوێندنەوە من ئەرکی گەورەکردنی سێ مندڵە ئەستۆ جەمشید هیچ کە چۆنم بویستبا دەمتوانی وا پەروەردەی بکەم بەڵام خوشکەکانی ترم ڕابردوویەکی تاڵیان هەبوو پێویست بوو من بیان ڕووخێنم و سەر لەنوێ دروستیان بکەمەوە ، لەگەڵ ئەوەشدا لە کارەکەم سەرکەوتوو بووم بۆیە ئەم شتەش بۆ تۆ باس دەکەم چونکە تۆش بە کچی خۆم دەزانم ، دەزانم تۆش لەم وڵاتە ئاوارەیت و خاوەنی چیرۆکێکی لەمەی من باشتر نیت ئەمەی وت و لێوەکانی وشک بووبووئەویش کەمێک ئاو پێدا و دیار بوو کە مەرگ زۆری بۆ هێناوە ، سەیرێکی کردو پێی وت لەسەر ئەو مێزە وەسێتی منی تێدایە بێ ئەوەی بیکەیتەوە بیدە بە جەمشیدی کوڕم پێی بڵێ تەرمەکەم بەرێتەوە تەنیشت گۆڕی دایکم و حامید خان ئەمەی وت و بۆ هەتا هەتایە گیانی سپارد نزیکی بەرە بەیان بوو بە

قوڕگێکی پڕ لە گریانەوە پەیوەندی بە جەمشید خانەوە کردو هەواڵی مەرگی دایکی پێ دا ، چەن کاتژمێرێک دوای ئەوە گەیشتەوە ژوورەکەی دایکی و دەستی بە گریان کرد لەوە دوا کۆمەڵێک لە دراوسێکان و جەمشیدو فەخروزەمان بەرەو گۆڕستان ڕۆیشتن و فەرانەک خاتوونیان ناشت لەبەر ئەوەی ئەوان هیچ کەسێکیان نەبوو تەنها دراوسێکان لە گەڵیاندا هات و ماوەیەکی کەم مانەوەو دواتر گەڕانەوە لە کاتی گەڕانەوەدا فەخرو زەمان بە گرینگی زانی کە وەسیەتەکەی فەرانەک خانم بداتە دەستی جەمشیدو لە پاش سەرەخۆشی خۆی و پێناخۆشبوونی بۆ مەرگی دایکی ئەوێی بەجێ هێت و ماڵئاوایی لە جەمشید خان کرد هەرچەندە مەرگی فەرانەک و چیرۆکە غەمگینەکەی زۆر ئەوی دڵتەنگ کردبوو بەڵام لە ڕوویەکی تریشەوە ئیتر هیچ شتێک ئەوی بەو وڵاتەوە نەدەبەستەوە ، ئەمەش هۆکارێکی باش بوو تا کۆتایی بە مانەوەی بهێنێت ، زۆر دوور نەکەوتبووەوە لە دوورەوە کەسێک بانگی دەکرد فەخروزەمان ، فەخروزەمان ، کاتێک کە نزیک بوەوە جا تێ گەیشت کە جەمشید خانە بانگی دەکات، لێی نزیک بووەو سڵاوی لێ کردو وەسێت نامەکەی دایە دەستی و وتی دایکم بەشی تۆشی لە وەسیەتەکە دیاری کردووە فەخروزەمان ، ئەویش ئەوەی ڕەت کردەوە کە هیچ پارەیەک یان شتێک وەر گرێت بەڵام جەمشید وتی ئەوە دوا خۆزگەی دایکمە تکات لێ دەکەم ڕەتی مەکەرەوە حەزدەکەی بیبەخشە یاخود بیدە بە کەسێکی تر بەڵام ڕەتی مەکەرەوە، فەخروزەمانیش بە ناچاری بە وەسێتەکەی ڕازای بوو ، لەبەر

ئەوەی فەرانەک خان خانووەکەی زۆر گەورە بوو لەڕواڵەتدا لە کۆشک دەچوو پارەیەکی باشی کرد و هەروەها پارەیەکی زۆریشی لە بانق دا نابوو ، بۆیە ئەکرا بەو پارانە ژیانێکی شاهانە بژی و چیتر ئاوڕ لە هەژاری و نەداری نەداتەوە بەڵام ئەو ئەوەی ڕەتکردەوە کە پارەکە بۆخۆی هەڵبگرێت هەر بۆیە سەردانی لانەی مناڵانی بێ سەرپەرشتی کردو هەموو پارەکەی لە باشترکردنی گوزەرانی منالّەکاندا خەرج کرد و خۆشی زۆربەی ڕۆژەکان لەوێ دەمایەوە تا ڕۆژ ئاوا بوون وەکو بڵێیت ، هیچ کەسێکی شک نەدەبرد کە چیتر دەردە دڵی لەگەڵ بکات ، چیتر دەریاش ئەوی ئارام نەدەکردەوە چونکە چیرۆکی فەرانەک خانم ئەوی خەمبار کردبوو، لە هەمان کاتیشدا ڕقی لە خۆی دەبووەوە کە بۆچی نەیتوانیوە زووتر ئەو خاتوونە بناسێت ، ئەستەمە باوڕ بکەیت ژنێک لە دۆزەخەوە خۆی گەیاندبێتە بەهەشت ، و ئەو هەموو کارانەی بۆ باشترکردنی ژیانی خێزانەکەی ئەنجام دابێت ، یەکێک لە مندالّە بچوکەکان کە تەمەنی تەنها سێ ساڵ بوو ، زۆر خوی بە فەخروزەمانەوە گرتبوو بەردەوام حەزی دەکرد لە باوشیدا بێت و لێی جیا نەبێتەوە ، ڕۆژ لە دووای ڕۆژ زیاتر هۆگری دەبوو ، ئەو کە زۆر منالّەکانی خۆشدەویست و جیاوازی لە نێوانیان نەدەکرد ، بەڵام ئەو منالّە بچووکەی زۆر خۆشدەویست و نەیدەتوانی لە خۆی دووری بکاتەوە ، بۆیە بە پێویستی زانی ئەرکی گەورەکردن و پەروەردەکردنی لە ئەستۆ بگرێت بەڕێوبەرەکانی ئەوێش کە زۆر باش فەخروزەمانیان دەناسی ڕەتیان نەکردەوە بەڵام بەو پێیەی کە

فەخرو زەمان کچێکی تەنیا بوو نەیان دەتوانی ئەوی پێ ببەخشن مەرجی بەخشینی منالْ بەو پێویست بوو هاوسەرگیری بکات ، ئەمەش ئەوی زۆر دڵتەنگ کرد بە نائومێدی بەرەو ماڵەوە بەڕێ کەوت تەواوی ئەو شەوە بیری لەوە دەکردەوە کە چی بکات تاکو مافی گەورەکردنی ئەو منداڵە بگرێتە ئەستۆ لەپڕ پێشنیارەکەی فەرانەک خامی بەبیردا هاتەوە بۆیە بەیانی زوو پەیوەندی بە جەمشید خانەوە کردو داوای لێ کرد کە بیبینێت ئەویش ڕەتی نەکردەوە ، هەربۆیە فەخروزەمان چوو بۆ لایی و سڵاوی لێکرد پاش کەمێک ئەحواڵپرسی دەستی کرد بە قسە کردن و پێی وت لە ڕاستیدا حەز دەکەم باسی شتێکت لەگەڵدا بکەم هەرچەندە مافی خۆتە وڵامی تۆ هەر چییەک بێت بەڵام هیوادارم ئەم خۆزگەیەی من ڕەت نەکەیتەوە من کچێکی گەنج و غەریبەم لەم وڵاتە ئەمەوێ پێت بڵێم کە زۆر لێرە نامێنمەوەو ئەچمەوە بۆ وڵاتی خۆم ، کاتێک کە فەرانەک خانم کۆچی دوایی کرد من پارەکانی ئەوم بەخشی بە مناڵانی بێ سەرپەرشت و ماوەیەکیش لەگەڵیان بووم لە ڕاستیدا من هۆگری یەکێک لە مناڵەکان بووم سەرپەرشتیارانی ئەوێش لەبەر ئەوەی من کچێکی گەنجم مافی پەروەردەکردنیم پێ نادەن ، واتا بۆ ئەوەی من ئەو منداڵە لە ئەستۆ بگرم پێویستە هاوسەرگیری بکەم ، خۆت دەزانیت من جگە لە تۆو فەرانەک خانمم کەسی ترم شک نەدەبرد لەم وڵاتە کە متمانەی پێ بکەم بۆیە تکام وایە داواکارییەکەم ڕەت نەکەیتەوە من نابمە هۆی بێزارکردنتان هەر کە مافی بەخێوکردنەکەم وەرگرت لەم وڵاتە ئەڕۆم دواتر گەر ویستت من خۆم

داواکاری جیابوونەوە پێشکەشی دادگا ئەکەم ، جەمشید سەیرێکی فەخروزەمانی کردو پرسیاری لێ کرد زۆرت خۆش دەوێ ؟ ئەویش وڵامی دایەوەو وتی بەڵێ جەمشید هەستایە سەرپێ و وتی ئهمممم، چوە لای پەنجەرەکەو وەک ئەوەی بیەوێت بیر لەو پێشنیارە بکاتەوە کە فەخروزەمان کردوویەتی ، ئەو هەمیشە بە چاوێکی جیاوازەوە سەیری فەخروزەمانی دەکرد جیاوازتر لە هەر ئافرەتێکی تر بە سەیرکردنیدا دەردەکەوت کە ئەوی چەندە خۆش دەوێت بەڵام دەیزانی دەربڕینی ئەم هەستە بۆ فەخروزەمان کارێکی باش نیەو ئەو لە خۆی دوور دەخاتەوە بۆیە دەیویست ئەم خۆشەویستیە هەر لە دڵی خۆیدا بهێڵێتەوە ، نەیدەهێشت فەخروزەمان درک بە هەستی ئەو بکات ، پاش چەند خولەکێک لە شوێنی خۆی دانیشتەوەو ڕووی کردە فەخروزەمان و پێی وت لەبەر ئەوەی تۆ خاتوونێکی دڵسۆز و میهرەبان بوویت بۆ دایکم هەروەها دایکیشم زۆری خۆش دەویستی ، من دڵت ناشکێنم و داواکەت ڕەت ناکەمەوە ئەوەش لە ئەنجامی چاکەو گەورەیی خۆتەوەیە فەخروزەمان ، ئەویش هەر کە ئەمەی بیست زۆر دڵخۆش بوو سپاسی ئەوی کردو و بەرواری هاوسەرگیرییەکەیان دیاری کرد بێجگە لە خۆیان کەسی تر نەیدەزانی کە ئەم هاوسەرگیرییە ئەکرێت و تەنها لەسەر کاغەزیش دەمێنێتەو ماوەی مانگێکی خایاند تا لە دادگا هەموو کارەکانیان تەواو کردو ئەو مناڵەیان وەکو مناڵی خۆیان لە و وڵاتە تۆمار کرد و ماڵئاواییان لە یەکترکرد فەخروزەمان و ئەو منداڵە پێکەوە گەڕانەوە ماڵەوە کاتێک

بە نێو گەڕەکەکاندا دەهاتن ئەو منداڵە دیمەنی وای پێشتر لە خانەی بێ سەرپەرشتان نەبینیبوو کاتێک منالّەکانی دەبینی خۆشحاڵ دەبوو دەستێکی لە ناو دەستی فەخروزەمان بوو وەکو باڵندەی هەڵەکە کەوتبوە هەڵەکە سەما ، کاتێک کە گەیشتنەوە حەوشەکەو ئەو منداڵە چاوی بە ماسییەکان کەوت زۆر کەیف خۆش بوو لە لێواری حەوزەکە دانیشتبوو سەیری دەکردن فەخروزەمانیش سەیری ئەوی دەکرد کە چۆن پێ دەکەنی و دەیوویست دەستیان لێ بدات سیمای هێندە جوان بوو مرۆڤ لەگەڵ یەکەم بینینی خۆشی دەویست ، بە پێچەوانەی فەخروزەمان قژێکی لوول و دوو چاوی شین و پێستێکی ئەسمەری هەبوو کە زۆر جوان و لەبەر دڵان دەهاتە بەر چاو ، کاتێک کە پێدەکەنی دوو چاڵی بچوک دەکەوتە سەر ڕوومەتەکانی مرۆڤی لە ناو خۆیدا دەناشت مەحاڵ بوو کەسێک بیبینێت و خۆشی نەوێت ، ئەو ئێوارەیە فەخروزەمان لەبەر خۆشەویستی خۆی بۆ ماسییەکان و خۆشەویستی ئەو منداڵە بۆیان ، بڕیاریدا کە ناوی بنێت ماهی و ڕووی تێکردو وتی تۆ، لەمەو دوا ناوت (ماهی)ە ، ئەو ئێوارەیە جیاواز لە هەموو ئێوارەکانی تر فەخرو زەمان بە تەنها نەبوو ، بەڵکو لە گەڵ ماهی بچکۆڵەدا نانی ئێوارەی خوارد ، چەند تەماتەیەکی سور کردەوەو سێ دانە هێلکەی لە سەر کرد و لەگەڵ نانێک و قاپێک زەیتوون و شەربەتی پرتەقاڵی لەسەر مێزەکە دانا پاشان وەکو ئەوەی ماهی لە خانەی بێ سەرپەرشتان فێرکرابوو فەخروزەمان داوای لێ کرد بڕوات دەستەکانی بشوات ، ماهی هەرچەندە منداڵێکی بچوک بوو بەڵام گوێڕایەڵ بوو کاتێک

کە فەخروزەمان سەری تاوەکەی لابرد ماهی بە بینینی هێلکەکان سەرسام بوو چونکە هەرگیز لە خانەی بێ سەرپەرشتان هێلکەی بەو شێوەیە نەخواردبوو فەخروزەمان هێلکەکانی بە شێوەی ڕووخساری مرۆڤ دانابوو ئەمەش ماهی هێنابووە پێکەنین ، هەردووکیان سەیرییان دەکردوو پێ دەکەنین ئەو ئێوارەیە یەکەم ئێوارەبوو کە دەنگی قاقای پێکەنین لە ماڵەکەی فەخروزەمان بەرز دەبووەوە ، ماهی کە خوی بە فەخروزەمانەوە گرتبوو وە هیچ کەسێکی نەبوو لە گرینگی پێدانەکانی فەخروزەمان خۆشی وەردەگرت لەبەر ئەوەی ئەو کەسانەی کە لە خانەی بێ سەرپەرشتان کاریان دەکرد کەمتر سۆزییان نیشان دەدا زیاتر فەرمییانە کارییان دەکردو ڕەفتارییان دەکرد ، ڕەنگە لەبەر ئەوە بووبێت کە نەیان ویستووە منداڵەکان هۆگری خۆیان بکەن و دواتر لە تەمەنی هەژدە ساڵیدا بتوانن پشت بە خۆیان ببەستن ، بەڵام ئەمە زیانی بە منالەکان دەگەیاند چونکە ، دەرکەوتبوو ئەو منالانەی کە لە منالیاندا کەمتر سۆزیان نیشان دەدرێت لە داهاتوودا توانای فێربوونیان لاواز دەبێت لە چاو منداڵی ئاسایی کە سۆزو خۆشەویستییان بۆ دەردەبڕدرێت ، بۆیە منداڵ پێویستی بە خۆشەویستی و گرینگی پێدانە بۆ ئەوەی لە داهاتوودا کەسی ڕەشبینیان لێ دەر نەچێت ، منداڵی مرۆڤ هەستیارترین قۆناغی ژیانێتی زۆرترین یادەوەریش کە لە یادگەیدا دەمێنێتەوە یادەوەری منداڵییەتی ، لەبەر ئەوە پێویستە زۆر هەستیارانەو بەرپرسانە مامەڵە لەگەڵ منداڵ بکەین ، ئەو ئێوارەیە ماهی لەبەر ئەوەی زۆری یاری لەگەڵ ماسییەکان کردبوو زۆر

برسی بوو بوو ، زۆریشی حەز لەو خواردنەبوو ، لەو وڵاتی ئێران بەو خواردنەیان دەوت (تخمی و رومی ) فەخرو زەمان حەزی دەکرد خۆی خواردنی بداتێ هەر لەبەر ئەوە پارووی بچوک بچوکی بۆ دەکردو دەی دایە دەستی و ئەویش بە دەستە بچوکەکانی وەری دەگرت و دەیخوارد ئەو ئێوارەیە پێکەوە نانیان خواردو سەر مێزەکەیان کۆکردەوەو فەخرو زەمان ئەوی بردە ژووری نووستنەکەی ، ماهی یەکەم شت چاوی کەوتە سەر شووشەی ماسییەکان بوو سەیرێکی فەخروزەمانی کردوو وتی سەیرکە یەکێکی تریش لێرە هەیە ئەویش سەیرێکی کردوو پێ کەنی و وتی بەڵێ بەڵێ ، ئەوە لەبەر ئەوەیە تا تۆ بەتەنها نەخەویت و هەست بە نیگەرانی نەکەیت ئینجا چاوی کەوتە سەر پیاوە ڕیشنەکەی سەر تابلۆکە و دەستەکانی کردە پشتی و پرسیاری لە فەخروزەمان کرد ئەوە کێییە و بۆچی بەو شێوەیە سەیرم دەکات ئەم قسەیە دووبارە فەخروزەمانی هێنایە پێکەنین و وتی تەنانەت تۆش خانمی بچوک ئینجا پارچە قوماشەکەی خستەوە سەر تابلۆکەو داوای لە ماهی کرد کە بخەوێت ماهیش هەرچەندە حەزی دەکرد نەخەوێت و یاری لەگەڵ ماسییەکان بکات بەڵام فەخروزەمان بە پێویستی زانی کە زوو بخەوێت هەرچەندە هەتا ئەو کاتەی خەوی لێ کەوت سەرنجی تابلۆ داپۆشراوەکەی دەدا بەڵام لە کۆتاییدا خەوی لێ کەوت ، ئەو شەوە فەخرو زەمان بڕیاریدا بگەڕێتەوە بۆ وڵاتەکەی خۆی بە تایبەتیش لە دوای ئەوەی کتێبەکەی تەواو کردبوو تابلۆکانیشی ئامادە کردبوو بۆیە بەیانی هەر زوو لە دوای نانخواردن کە لوپەلەکانی

کۆکردەوەو دەستی ماهی گرت و بۆ ماڵئاوایی لە مناڵە بێ سەرپەرشتەکان کەوتە ڕێ و ماڵئاواییان لە مناڵەکان کردو پاشان بۆ بینینی جەمشید خان ڕۆیشتن و ماڵئاوایی یەکجارییان لەویش کرد ، جەمشید خان دەیزانی کە بۆ هەتا هەتایە ناتوانێت فەخروزەمان ببینێتەوە ، بەڵام دڵتەنگی خۆی شاردەوە و ماڵئاوایی لێکردن و ماهی سپارد پێی و پێی وت من نازانم لە وڵاتەکەی تۆدا کلتورو بیروبۆچوونتان چۆنە بەڵام ئەوە بزانە کە ماهی لەسەر ناسنامە کچی منەو لە داهاتوودا هەرچ شتێکی لێ بەسەر بێت من لە خۆم خۆش نابم چوونکە بە هۆی منەوە ڕووی لەو وڵاتە کرد ، نامەوێت ئەم بۆچوونەم تۆ بترسێنێت ، چونکە دەزانم تۆ کچێکی زیرەکیت و دەزانیت کە پێویستە چۆن مامەڵە بکەیت لە کات و شوێنی گونجاوی خۆیدا ئەمەشت پێ دەڵێم تا ئاگاداری خۆت و ماهی بیت و هەرچ کاتێک پێویستت بە هەرچ شتێک بوو ئاگادارم بکەرەوە ، زەرفێک کە بڕێک پارەی باشی تێدا بوو دایە دەستی و وتی دەزانم کە ناتەوێت وەری گریت بەڵام من داوات لێ دەکەم لەبەر ماهی بچوک وەری گریت چونکە ئەو کچی منەو من بەرپرسیارم لەوو دابینکردنی ژیانێکی شایستە بۆ ئەو لە گیرفانیدا زەرفێکی بچوکی دەرهێنا کە زنجیرێک بوو موروویەکی شینی پێوە بوو لە ملی ماهی کردو وتی ئەمەی لە مل بهێڵەوە هەرچ کات ویستی دەتوانێت لەلای من بمێنێتەوە ناسنامەو هەموو شتێکی ماهیت پێ دەدەم نەوەک لە داهاتوودا تووشی کێشە ببیت بەو جۆرە جەمشید خان هەموو ئەرکێکی خۆی بە جێ گەیاند هەرچەندە ، فەخروزەمان تەنها لەسەر کاغەز

هاوسەری ئەو بوو بەڵام ئەو ئەم کارانەی لە بەر خۆشەویستی بۆی ئەنجام دەدا ، ئەو کوڕێکی باش و میهرەبان بوو چەند ساڵێکی کەم لە فەخروزەمان گەورەتر بوو کاتێکیش کە قسەی لەگەڵ دەکرد سەیری چاوەکانی دەکرد ، بە تایبەتیش ئەو ڕۆژە دەیویست شێوەی ئەو لە یادگەیدا بە جوانی بکێشێت ، چەندە ئازار بەخشە کاتێک بە چاوەکانی خۆت ببینیت ئەو کەسەی کە خۆشت دەوێ دەڕوات و بۆ هەتا هەتایە نایبینێتەوە ، هیچ دەسەڵاتێکیشی نیە و ناچارە لە ڕۆیشتنی بڕوانێت وەکو مەحوی شاعیر دەفەرمووێ ( ئەوی دڵدارو دوولبەرمە ئەوا دەڕوا لەبەر چاوم ، بەدوویا بۆچی دڵ نەتوێتەوە نەڕوا لەبەر چاوم) هەر لەبەر ئەوەش بوو جەمشید خان جەختی لە پاراستنی ئەوان دەکردەوە و دڵی خۆی لەشووێنی ئەوان ناردبوو وەکو ئەوترێ مەعشووق لە کوێ بێت دڵی مرۆڤیش لەوێ لێدەدات ، لە دوای ماڵئاوایی کردن گەڕانەوە بۆ ماڵەوەو فەخروزەمان تابلۆی پیاوە ڕیشدارەکەی هێنایە حەوشەی ماڵەکەیی و لە پاش کەمێک سەیرکردنی دەستی بەسەر ڕوخساریدا دەهێنا وەکو ئەوەی ماڵئاوایی لێ بکات پاشان کەمێک نەوتی بەسەردا کردو شقارتەیەکی لێداو گڕی لە تابلۆکە بەردا کاتێک گڕی ئەو ئاگرە بەرز دەبووەوە ئەویش لێی دەڕوانی کە چۆن ڕوخساری گڕی دەگرت و ڕەش دەبوو گڕی ئاگرەکە وەکو ئاوێنە لە ناو چاوەکانی فەخروزەمان دەبینرا لە نێو گلێنەی چاوەکانی بەرزو نزم دەبووەوە ئەویش ماهی لە باوەش کردبوو و لە لێواری حەوزەکە دانیشتبوو تا بە تەواوی تابلۆی پیاوە ڕیشنەکە سووتا ، هیچ کەسێک

نەیزانی بۆچی ئەو تابلۆیە دەسووتێنێت ، ئەو تابلۆیەی کە ڕێگەی نەدەدا هیچ کەسێک بیبینێت  و پرسیاری لەبارەوە بکات  ، ڕەنگە ئەو کاتێک ڕووی لەم وڵاتە کردووە هەم وڵات و هەم ئەو کەسەشی بە جێ هێشتبێت هەر بۆیە کاتێک هاتۆتە  ئێرە وێنەی ئەوی کێشا بێت و ویستوویەتی هەمیشە لەبەر چاوەکانی بێت لە ئێستاشدا کە ئەگەڕێتەوە بۆ وڵاتەکەی خۆی پێویستی بەو تابلۆیە نیە چونکە ئەو کەسە خۆی لەو وڵاتەدا ئەژیت کاتێکیش مرۆڤەکان خۆیان وجودیان هەبێت پێویست بە تابلۆ ناکات ، مرۆڤەکان کاتێک وێنە یاخود تابلۆی کەسێک هەڵدەگرن وەکو یادگاری کاتێک لە خۆشەویستانیان دوور بن، کاتێک کە نزیک بن هیچ پێویست بە وێنەو تابلۆ ناکات، ڕەنگیشە فەخروزەمان چیتر خاوەنی نێو ئەو تابلۆیەی خۆش نەویستبێت و بەلایەوە گرینگ نەبووبێت  هەر وەکو چۆن وێنەکەی سووتاند ئاواش ئەو کەسەی لە مێشکیدا سڕی بێتەوە دراوسێکانی سەریان سووڕدەما لەوەی کە ئەو تابلۆیەی لە نێو هەموو تابلۆکانی زیاتر خۆش دەویست چۆن جورئەتی کردووە بیسووتێنێت ئەو تابلۆیەی هەمووان بە گرینگییەوە لێیان دەڕوانی و دەیانویست لەبارەیەوە بزانن  وا ئەمڕۆ بووە بە مشتێک خۆڵە مێش ، ئاخر کاتێک مرۆڤ غروری بەسەریدا زاڵ دەبێت هەموو کارێکی مەحاڵ ئەنجام دەدات  ئەو غرورەش لە فەخروزەمان بەدی دەکرا، ئەو کە ساڵانێکە لەبەرامبەر وێنەیەکدا دادەنیشێت و سکاڵا دەکات و دەگری و لە بەرامبەریدا تەختەیەکی ڕەق و بێ گیان هەبوو ، دەکرێ خاوەنی ئەو تابلۆیە هۆکاری هەموو ئەو

ئازارانەی فەخروزەمان بوو بێت، دەکرێ هەموو ئەو ئازارانەو هەڵاتن لەو وڵاتەی کە تێیدا لەدایک بووە هۆکاری ئەو پیاوە ڕیشنە بێت ، کاتێکیش کە پرسیاریان لە بارەوە دەکرد بێ دەنگ دەبوو ، زۆری پێ نەچوو ئەو ئۆتۆمبێلەی کە فەخروزەمان ڕای سپاردبوو هات بە شوێنیانداو بەرەو وڵاتی عێراق بەڕێ کەوتن سەرجەم تابلۆکانی لە گەڵ خۆیدا هێناو دەویست تابلۆکانی زیانیان بەر نەکەوێت هەر بۆیە بە وریاییەوە دای دەنان ئەو دەیزانی ناتوانێت تابلۆکانی بەرێت هەر بۆیە زیاتر لەسەر کاغەز وێنەی دەکێشا، هەموو وێنەکانیشی کردبووە نێو سندوقێک و کلیلی سندوقەکە بە خۆی بوو هەروەها تابلۆکانیشی بە ڕۆژنامە ڕووپۆش کردبوو ئەو کتێبەش کە زۆر بەلایەوە گرینگ بوو لەم دووابیانە کاری نووسینی تەواو کردبوو لە نێو جانتاکەی دابوو لە شانی،ماهیشی لە باوەش کردبوو پێشتر لەگەڵ شۆفێرەکە کاری سەرسنورەکانیان چارەسەر کردبوو هەم لەناوەو، هەم لە دەرەوەش چونکە ڕۆیشتنی ئەوان بە شێوەیەکی فەرمی بوو ، لە بەر ئەوەش فیزا لە نێوان وڵاتی ئێران و عێراقدا هەڵگیرابوو ، کارەکان هێندەی تر ئاسان بوو فەخروزەمان هێندە پەلەی بوو بگاتە وڵاتەکەی خۆی نەیدەویست شۆفێرەکە بە هیچ شێوەیەک بوەستێت هەر بۆیە بڕێک خواردنی لە ماڵەوە ئامادە کردبوو شیرو پێداویستی خواردنی ماهی لە گەڵ خۆیدا هێنابوو ، دوای کاتێکی زۆر لە نێو ئۆتۆمبێلدا گەیشتنە نێو خاکی وڵاتەکەی ، سنوری نێوان ئێران و کوردستان یان بڕی و فەخروزەمان داوای لە شۆفێرەکە کرد کەمێک بوەستێت کاتێک لە ئۆتۆمبێلەکە هاتە

خوارەوە کەوتە سەر ئەو خاکەو خۆڵەکەی هەڵدەگرت و ماچی دەکردو بۆنی دەکرد نەیدەزانی پێ بکەنێت یاخود بگری ، پێبکەنێک کە دووبارە چاوی بە نیشتیمانەکەی خۆی دەکەوێت یاخود بگری کە پێش چەند ساڵێکی زۆر ، بە ناچاری وڵاتەکەی خۆی بە جێ هێشت ، وەکو شێت فرمێسک بە چاوەکانیدا دەهاتە خوارەوەو پێ دەکەنی وەکو ئەوە دەهاتە پێش چاو لە وەرزی پایزاندا هەم باران دەباری و هەم خۆرەتاویش بوو دوو دیاردەی زۆر جوان و پێچەوانەی یەکتر ئەویش لە هەمان کاتدا هەم دەگریاو هەم پێدەکەنی ، مەگەر تەنها ئەو کەسە لێی تێگەیشتبا کە دەردی دووری وڵاتەکەی چەشتووە ، زۆری نە خایاند گەیشتنە ئەو شارەی کە فەخرو زەمان لێی لە دایک بوو بوو لە بەردەم ماڵی ڕەفیقێکی وەستاو لە دەرگای دا ، کچێکی جوانی ڕوو خۆش درگاکەی کردەوە هەر کە چاوی بە فەخروزەمان کەوت یەکسەر ڕەنگی گۆڕاو دەستی کرد بە گریان و باوەشی بە فەخروزەمان کردو وتی ئەوە تۆییت فەخروزەمانم لە دوای لە باوەشکردن و ماچکردنی یەکتر کەلوپەلەکانی لە ئۆتۆمبێلەکە هێنایە خوارەوە و پارەی شۆفێرەکەشی دا و ئەویش ئەوێی بە جێ هێشت ، لەدوای ئەوە فەخروزەمان و دۆستەکەی دانیشتن و سەیری یەکتریان دەکرد دۆستەکەی لە بەر تاسانی بە دووبارە بینینەوەی فەخروزەمان ئاگای لە ماهی نەمابوو ، وتی ئەو هەموو ماوەیە لە کوێ بوویت فەخروزەمان ، دەزانیت کە من چەندە نیگەرانی تۆ بووم هەمیشە وا بیرم دەکردەوە کە تۆ مردوویت ، زیندوو مانەوەت و گەڕانەوەت بۆ ئێرە وەکو موعجیزە وایە

، سەیرێکی ماهی کردو وتی ئەی ئەم منالە کێیە لەگەڵتا ؟ ناشێ منالی خۆت بێت؟ بۆچی تۆ هاوسەرگیریت کردووە ؟ فەخروزەمان پێکەنی و وتی ئارام برەوە ئەوە منالی هەڵگیراوەی منە ماهی بچوک ، دۆستەکەی ماهی لە باوەشکردوو دەستی لە قژە لوولەکەی ماهی دەداو ماچی دەکرد وتی کارێکی باشت کردووە کە فیریشتەیەکی وەهات کردووە بە کچی خۆت لە بەر ئەوەی ماهی و فەخروزەمان زۆر ماندوو بوون بۆیە فەخروزەمان مۆڵەتی لە دۆستەکەی خواست و داوای لێ کرد کە بۆ چەند کاتژمێرێک دەیانەوێت پشوو بدەن ، هەر ئەوەندە کە ماهیان لە سەر جێگاکە دانا خەو بردییەوە ، دۆستەکەی فەخروزەمان یش بۆ ئێوارە خوانێکی تایبەتی ئامادە کردبوو سفرەیەکی جوانی لە نێو حەوشەی ماڵەکەی ڕاخستبوو ، دوای ئەوەی کە ئەوانیش بە تەواوی حەسانەوە خەبەریان بووە و دەست و دەمووچاویان شووشت و لە سەر سفرەکە دانیشتن ، ماهی کە زۆری برسی بوو دەستی کرد بە خواردن وەها بە خێرای خواردنی دەخوارد دیمەنی مرۆڤی دەهێنایە پێکەنین ، ئەو ئێوارەیە بایەکی فێنکی دەهات و دڵی مرۆڤی دەکردەوە هەمووان بە دڵخۆشی خەریکی نان خواردن بوون و فەخروزەمان و دۆستەکەشی بە ماهی بچوک پێ دەکەنین کە چۆن مشتی پڕکردووە لە برنج و دەیخوات ، ئەو ئێوارەیە لە دوای نان خواردن ماهی کەوتبووە یاری کردن لەگەڵ بوکەڵەکەی ، فەخروزەمانیش ڕووی کردە دۆستەکەیی و وتی لە بیرتە یەکەم جار بۆچی ئێرەم جێ هێشت ؟ ئەو کاتەی کە قسەکانم هیچ بایەخێکیان نەبوو ئەو کاتەی بوونم هیچ بایەخێکی

وەهای نەبوو ، ئەمڕۆ گەڕاومەتەوە لەگەڵ ماهی تا ئەو کارەی دەستم پێکردبوو تەواوی کەم ، کتێبەکەی لە نێو جانتاکەی دەرهێناو غەزەلێکی بۆ خوێندەوە ، دۆستەکەی وەها بە قوڵی خستبووە نێو خەیاڵێکی قوڵەوە کە تەنها خۆی دەیزانی چەندە چێژی لەو غەزەلە بینیوە کاتێک کە تەواوی کرد دەست خۆشی لێ کردوو پێی وت ئەم وشانەی لە تۆوە بیستم فەخروزەمان پێشتر لەهیچ کەسێکم نە بیستبوو ، وشەکانت عەقڵ و دڵی مرۆڤ پەلکێش دەکەن بەرەو خۆیان مەحاڵە کەسێک لە بەندی ئەو وشانە دەر بچێت و مەست نەبێت ، پێویستە هەموو کەسێک گوێی لەم وشانە بێت بە تایبەت ئێستا بازاڕەکە پڕ بوە لە وشەی ، ناخۆش کە هیچ مەعریفەتێکیان تیادا بە دی ناکرێت ، هەموو ئەوانەی کە هەن مرۆڤ بەرەو جوڵاندنی غەریزە هان دەدەن لێرە تەنها غەریزە پاڵنەری نوسەرەو زۆربەی هونەرمەندەکانە ، زیاتر باس باسی لە ش و لاری ئافرەتە شاعیرەکان بوون بە بەرگ دووروو و خەریکی پێوانی ئەندامەکانی ئافرەتی ئەم شارەن ، هەمووان بێزار بوون لەو ڕووخسارە سواوانەو دۆخی ئێستای ئەم وڵاتە شۆڕشێکی فکری ئەوێت ، فەخروزەمان سەیرێکی دۆستەکەی کردوو وتی منیش هەر بۆ ئەوە گەڕاومەتەوە پاشان دەستی دۆستەکەی گرت و تابلۆو وێنەکانی نیشان دا و پێی وت من بە دوو شێواز شۆڕش دەکەم یەکێکیان بە بێ دەنگی و ئەوی تریان پێویستە هاواری بۆ بکەم ، هەر تابلۆیەک باسی چیرۆکێکی دەکرد مرۆڤی دەخستە نێو واقعی ئەو چیرۆکەوە ، هاوڕێکەی واقی وڕمابوو لە چیرۆکەکانی نێو

ئەو وێنەو تابلۆیانە و ڕووی لە فەخروزەمان کردو بە سەرسامییەوە وتی تۆ دەتەوێت چی بکەیت فەخرو زەمان بەم کارەت هەمووان تووشی شۆک دەکەیت ، فەخروزەمانیش ڕووی تێکردو وتی نامەوێت خەڵکی بە هۆی منەوە تووشی شۆکێکی گەورە بن بەڵکو دەمەوێت خەڵکی بە ئاگا بێنمەوە لەو سەرابەی تێی کەوتوون ، نە ئێرە خاکی پیرۆزەو نە خەڵکەکەشی ساراخاتوونن کەواتە گەڕان بەدوای سەرابدا شتێکی بێ مانایە ، من گەڕاومەتەوە تا ژنەکان فێر بکەم چیتر هەموو هەوڵێکیان بۆ ڕازی کردنی غەریزەی پیاوەکان نەبێت ، هەزاران ساڵە ژنان لە نیشتیمانەکەی من و تۆدا وا بیر دەکەنەوە کە پێویستە تەواوکەری مێردەکانیان بن و هیچی تر ، عەقڵ تەنها بۆ یەک لایەنی ژیان بەکار خراوە و لایەنەکانی تر وەلا نراوە ، ئەمڕۆ من گەڕاومەتەوە تا بیسەلمێنم ئافرەت بە بێ ئەوەی پیاوێک پاڵپشتی بکات دەتوانی بژی و سەرکەوتووش بێت پێش ئەوەی ببن بە کۆپی مێردەکانیان پێویستە خۆیان بن ، پێویستە ژنان ڕابکێشینە نێو کاری بازرگانی و نوسەری و ، زۆر کاری تر چیتر لە گۆشەیەکی ژیان دا نەنرێن و پێییان نەوترێت زەعیفە ، بەمەش بۆچوونی من وایە کە نابێت بە تەنها کار لەسەر ئافرەتان بکەین بەڵکو پێویستە کار لە بۆچوونی پیاوەکانیش بکەین بەوەش پێویست ناکات هەوڵبدەین تەنها ، ئازارەکانی ژنیان نیشان بدەین بەڵکو پێویستە ئازایەتییەکانیان و زیرەکی ژنیان نیشان بدەین چەندە ها ساڵە لێرە بە یەک شێواز هەوڵ دەدرێت ئافرەت بە ئازاردراوو ستەم لێکراو نیشان بدرێت ، من تێ ناگەم بە ناو مافەکانی ژنان ئەیانەوێت چی لە

پیاوان بگەیەنن ، یەکەم کارێکم کە بمەوێت بیکەم داماڵینی ئەو بۆچوونەیە لەبەر گۆمەڵکە ، نازانم کەی لەوە تێدەگەن ئافرەتان و کچانی ستەم لێکراو بە هەڵواسینی جل و بەرگەکانیان لە ناوەڕاستی شاردا هیچ شکۆیەک یاخود ڕێزێکیان بۆ ناگەڕێتەوە کە کۆمەڵگە پێی وایە ڕۆیشتووە ، سەرەتا پێویستە ئێمە ژنان لە دەست ژنان خۆیان ڕزگار بکەین ، دوو بۆچوون هەیە ئێمە پێویستە نەیهێڵین یەکەم ئەوەی ژنان پێیان وایە بە بێ پیاو هیچ نین دووەم ئەوەی کە ژنان خۆیان بە لاواز ئەبینن بۆ ئەمەش ئێمە پێویستە هەوڵی بەرزکردنەوەی لایەنی ڕۆشنبیری ئافرەتان بین نابێت ئافرەتان لە و ئاستەدا بهێڵینەوە کە پێیان وایە لابردنی جلەکانیان نیشانەی ڕۆشنبیرییە ، دۆخی ئێستای ئەم وڵاتە ئیبراهیمێکی دەوێت کە بتی بۆچوونە هەڵەکان بشکێنێت ،دەزانیت هاوڕێ من لە هیچ لەو شتانە ناترسم تەنها لەوە دەترسم کە ژنان نایانەوێت بۆچوونەکانیان بگۆڕن خۆ ئەگەر بیان ویستایە ئەوا هەموو ئەو شتانە ئاسان بوو بۆ من ، دۆستەکەشی ڕووی تێ کردو دەستی بە توندی گرت و وتی من بە هەموو شێوەیەک پاڵپشتیت دەکەم دۆستی ئەزیزم ، ئەو شەوە بڕیاریاندا سبەی زوو کتێبەکەی ببەن بۆ یەکێک لە چابخانەکان و کتێبەکەی چاپ بکات و بڵاوی بکاتەوە ، سبەی لە دوای نانی بەیانی فەخروزەمان و و ماهی و دۆستەکەیان بە ڕێ کەوتن بۆ یەکێک لە چاپخانەکانی ئەو شارەو بەو پارەیەی کە لە ئەنجامی کارکردن لەوڵاتی ئێران کۆی کردبووەوە بڕێکی باش کتێبی چاپ کرد و لە پاشان بە خۆڕایی دەیبەخشییە خەڵکی تا وای لێ هات خەڵکی پێشوازییەکی زۆرییان

لە کتێبەکەی کردوو هەموان بە شاکار ناوی غەزەلەکانیان دەبرد هەرچەندە هەر غەزەلێکی نێو ئەو کتێبە چیرۆکێکی گەورەی بەیان دەکرد و بە زمانێکی سحراوی خەڵکی هۆشیار دەکردەوە ، ئەو لە کتێبەکەییدا هێرشی نەدەکردە سەر خەڵکی بەڵکو هەوڵی دەدا لە ڕاستی ڕووداوەکان تێیان بگەیەنێت بە زمانێکی سادەو شیرین،هەر غەزەلێکیش پڕاو پڕ بوو لە پەندو ئامۆژگاری، هەر بۆیە خەڵکی حەزیان لێ دەکردو چێژیان لێ دەبرد ، ئەم هۆکارەش بووە هۆی ئەوەی کە فەخروزەمان چاپی دووەمی کتێبەکەی بخاتە نێو کتێبخانەکانەوە بەڵام ئەم جارەیان بە خۆڕایی نەیبەخشی بە خەڵک چونکە پێویستی بە پارە بوو تا وێنەو تابلۆکانی لە پێشانگایەکدا بە خەڵکی بناسێنێت ، هەوڵ بدات خەڵک بەو چیرۆکانەی نێو وێنەکان ئاشنا بکات ، دەکرێت وێنەیەک بە ئەندازەی سەد کتێب پەیامی تێدا بێت و سوودی هەبێت بۆ مرۆڤ وێنەکانی فەخروزەمانیش پڕ بوون لە پەیامی مرۆڤانەو جوان بە هەمان شێوەی یەکەم جار خەڵکێکی زۆر بۆ بینینی وێنەو تابلۆکانی دەهاتن و لە وێنەکانی ورد دەبوونەوە بەشێکی زۆری خەڵکی ، وێنەی تابلۆکانیان دەگرت و مانای وێنەکانیان بۆ یەکتر ڕوون دەکردەوە ، تا وای لێ هات وێنەو تابلۆکانی پارەی خەیاڵییان پێ دەدرا بەڵام ئەو بە موڵکی خۆی نەدەزانی و نەیدەویست شۆڕشەکەی لە سووچی ماڵەکاندا بەند بکرێت بۆیە وێنەکانی فەخروزەمان لە تەواوی وڵاتدا تا دەهات دەنگی دەدایەوە خەڵک لە نێو بازاڕو کافتریاو شوێنە گشتییە کاندا مشتومڕیان لەسەر دەکرد ، یەکێک بە فریشتەی ڕزگارکەر ناوی دەبرد ،

یەکێک بە حەکیمی شیفا بەخش ناویان دەبرد چونکە کتێبەکەی مرۆڤی ئارام دەکردەوەو لە حەقیقەتی ژیان تێدەگەیاند ، باسی ئاریشەکانی دەکردو و چارەسەرەکانیشی دەخستە ڕوو ئەم سەرکەوتنە فەخروزەمانی زۆر دڵخۆش کردبوو بەڵام حەزی نەدەکرد لە لای خەڵکی بناسرێت ، زیاتر حەزی دەکرد بۆچوونەکانی شوێنی خۆیان بگرێت و بناسرێت ، زۆر کات مرۆڤ بۆ تێگەیاندنی بەرامبەرەکەی پێویستی بە زمان نیە زۆر کات کارێک بە بێ دەنگی مرۆڤایەتی لە زۆر خراپە دەکێشێتەوە ، تا دەهات قسەکانی ئەو زیاترو زیاتر شووێنی خۆیان دەگرت ئافرەتان لەو بەندی بیرکردنەوانە بەرە ، بەرە دەهاتنە دەرەوە زیاتر حەزیان لە داهێنان و تاقیکردنەوەی کاری نوێ دەکرد لە گەڵ ئەوەشدا حەقی پیاوەکانیشیان دەداو بە ستەمکار ناویان نەدەبردن ئەوەی کە فەخروزەمان ویستی بەدەستی هێنا ، نەک تەنها لە شارەکەی خۆی بەڵکو لە هەموو شارەکانی عێراق باسی کتێبەکەی و تابلۆکانی دەکرا و بە گرینگییەوە لێیان دەڕوانی ، پەیامەکەی ئەو وەها لەنێو چینی خەڵکە هەژارو سادەکاندا بڵاو بوو بوەوە کە تەنانەت عەرەبانچی و دەستگێڕەکانیش غەزەلەکانی ئەویان دەوتەوەو وەکو ئامرازێک بۆ فرۆشتنی کەلوپەلەکانیان بەکاریان دەهێنا ، لەناو بازاڕو تەواوی شوێنە گشتییەکان گوێبیستی غەزەلەکانی ئەو دەبوون، چەندەها ساڵ لەدوای یەک کتێبەکانی ئەو پرفرۆشترین کتێبی ئەو وڵاتە بوون تەنانەت کتێبەکەی بۆ زمانی فارسیش وەرگێردرابوو جەمشید خانیش کە ئەو کتێبەی بە دەست گەیشتبوو بەو مەبەستە پەیوەندی بە

فەخروزەمانەوە کردو سەرسامی خۆی دەربڕی بۆ کتێبەکەی و وە وتی کە خۆشحاڵە ئەو لەو شۆڕشەی ئەودا بەشدار بووەو شانازیش بە ناسینی ئەوەوە دەکات ، ڕۆژێک فەخروزەمان لە گەڵ دۆستەکەی دانیشتبوو ، ڕووی تێ کردوو پێی وت دەزانی ئەم سەدەیە ئەو سەدەیەیە کە من خەونم پێوە دەبینی، شەوێک فەخروزەمان کەوتە بیری ئەو شارەی تێیدا گەورە بووە و بڕیاری دا کە سبەی لە گەڵ ماهی کچی سەردانی ئەو شارە بکەن ماهی کە گەورە بوو بوو ڕۆژ لە دوای ڕۆژ جواتر دەبوو ، خەڵکی هێندەی فەخروزەمان ڕێزیان دەگرت و خۆشیان دەویست ئەو خوێندکاری قۆناغی پێنجی پزیشکی گشتی بوو ،فەخروزەمان هەمیشە پێی دەوت ئەو ڕۆژەی تۆ دەبیتە پزیشک من ئاواتە خوازم ببمە یەکەم نەخۆشی تۆ

سبەی بەیانی لە دوای نانی نیوەڕۆ بەرەو ئەو شارە ڕۆیشتن ، فەخروزەمان ئەو شارەی زۆر خۆشدەویست و خەڵکەکەشی زۆر میهرەبان بوون ، ماهی و فەخروزەمان کە بە نێو بازاڕێکی ئەو شارەدا پیاسەیان دەکرد ، پیاوێک سەرنجی ماهی ڕاکێشا دوای بیرکردنەوەیەکی کەم بەبیریدا هاتەوە کە ئەو پیاوە هەمان ئەو پیاوە ڕیشدارەی نێو تابلۆکەیە سەیرێکی فەخروزەمانی کردو پێی وت ئەوە خۆیەتی ، هەرچەندە ماهی تەمەنی زۆر بچوک بوو بەڵام فەخروزەمان لە دەفتەری یاداشتەکانیدا وێنەیەکی ئەوی هەبوو کە هاو شێوەی وێنەی ئەو پیاوە بوو ، چەندین جاربینیبووی بۆیە لە گەڵیدا ئاشنا بوو و لە بیری نەدەکرد ، فەخروزەمان لە بەردەمیدا

بێدەنگ بوو وتی نا تۆ ئەوت بە هەڵە بینیوە ئەوە ئەو کەسەی نێو تابلۆکە نیە ماهی ، ماهی دەیزانی فەخروزەمان درۆی لەگەڵ دەکات وە دڵنیاش بوو ئەو وێنەیە هاوشێوەی ئەو پیاوەیەو هەڵەی نەکردووە جا لەوە تێگەیشت کە ، ئەو تابلۆیە ڕەنگدانەوەی خەیاڵەکانی فەخروزەمان نەبووە بەڵکو لە ژیانیدا بوونی هەبووە ، تەنانەت ڕۆژێک ماهی پرسیاری لە فەخروزەمان کردو وتی تا ئێستا هیچ کەسێک دڵی تۆی بردووە ؟ فەخروزەمانیش ڕووی تێ کردوو وتی دەکرێ منیش وەکو هەر مرۆڤێکی تر ڕۆژێک لە سووچێکی ئەم دوونیایە عاشق بووبێتم ، نە ماهی و نە هیچ کەسێک ڕوونکردنەوەیەکی تەواویان لەبارەی ئەو پیاوەی نێو تابلۆکە دەست نەکەوت کەس نەیدەزانی کە کێیەو لە نێو ژیانی ئەودا چی دەکات ، لە دوای ئەو ڕۆژەوە ماهی زۆر لاواز دەهاتە پێش چاو هەندێک جار تاقەتی قسەکردنی نەبوو ، ماهی و دۆستەکەی داوایان لێ کرد سەردانی پزیشک بکات بەڵام ئەو ڕەتی دەکردەوەو وەکو ئەوەی ئەو دیدارە بۆ ئەو بەس بوو بێت و چیتر نایەوێت بژی ، یەکێک لەو شەوانەی کە حاڵی زۆر تێک چوو بوو مەرگ تەنگی پێ هەڵچنی بوو دەیزانی کە کۆتایی سەفەرەکەی هاتوەو پێویستە گەشتی حەق بکات بۆیە داوای لە ماهی کرد گوێ بۆ قسەکانی بگرێت پێی وت ماهی کچە بچکۆڵانەکەم پێش چەندین ساڵ من و تۆ ڕوومان لەم وڵاتە کرد ئێستاش کە من ناتوانم چیتر لەگەڵت بم و لەلات بمێنمەوە بە باشی نازانم چیتر تۆ لەم وڵاتە بمێنیتەوە ، چونکە من لەم وڵاتە ناسراوم و لە دوای من خەڵکی ئێرە هەموو ئازادییەکانت سنوردار

دەکەن وە تۆش کچی ئەم وڵاتە نیت  خەڵکی ئێرانیت و پێویستە بگەڕێییتەوە بۆ وڵاتەکەی خۆت ، ناو ناونیشانی جەمشید خان لەنێو دەفتەری یاداشتەکانمدا هەیە بیدۆزەرەوەو پەیوەندی پێوە بکە لە دوای ناشتنی من ڕاستەو خۆ ڕوو لەو وڵاتە بکە و ئەو بە فەرمی باوکی تۆیەو کەسێکی باشە و هیچ کێشەیەکت بۆ دروست نابێت لەگەڵ ئەودا ، ماهی کە حاڵی تەواو پەرێشان بوو بوو دەگریا و نەیدەویست گوێبیستی ئەو قسانە بێت و  تکای دەکرد کە دایکی ئەو قسانە نەکات ئەو شەوە فەخروزەمان تا بەری بەیان دەستێکی لەنێو دەستی دۆستەکەیدا بوو دەستەکەی تریشی لە نێو دەستی ماهی بوو ، زۆری نەبرد گیانی سپاردو بۆ هەتا هەتایە ماهی و خەڵکی ئەو وڵاتەکەشی بە جێهیشت ، خەڵک بە بیستنی مەرگی فەخروزەمان دڵتەنگ بوون هەر وەکو چۆن یەکەم جار کارەکانی ئەو لەو وڵاتەدا دەنگی دایەوەو هەرای لە نێو خۆدا دروستکردبوو بە هەمان شێوەش هەزاران کەس، لە پرسەکەیدا بەشدارییان کرد و بۆی بەداخ بوون تاکە شتێک کە لەدوایی خۆیدا بە جێی هێشت لە ژورەکەیدا دێرێک لە غەزەلەکانی لێ نووسی بوو (ڕۆژێک دێت بە حەسرەتێکی زۆرەوە ئەمرم و هەر لە تەنیشت ئەم زەلکاوە ئەمنێژن و مێش و مەگەز بە گیزە گیز کاسەی سەرم هەڵدەگرن و خەونەکانم لە لووتمەوە ئەهێننە دەرێ )،

گروپی کتێبخانەی ( PDF )

ئێمە هەمیشە بەردەوامین لە خزمەت کردنتان

وە بەرهەم و کاری نوێ




کتێبخانەی ( PDF )

Public group · 90K Members